# مەرگی گوڵفرۆش



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# مەرگی گوڵفرۆش

کۆمەڵە چیرۆک

یاسین عومەر



کتێب: مەرگی گوڵفرۆش – کۆمەڵە چیرۆک
نووسینی: یاسین عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤٢٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

**پەیکەرێک لەشەو**

لەنوچدانی چاڵەکانی مێژوودا بێ تاوان بوو... ویستگەکانی ژیانی ئەو دیو دەرگا قەترانییەکانی دنیا تەنگژەیەک بوون دارمانی خۆی تیا دەدۆزییەوە. هەرگیز نەیدەویست ئەم گەمەی ژیانە بەم جۆرە کۆتایی بێت... ئەو کاتانەی گزنگ دڵۆپە ئاورنگەکان گەرم دەکاتەوە و لەسەرمای شەو قوتاریان دەکات و ئەوانیش لەشادیدا هەزار و یەک ڕەنگ دەگۆڕن، ئەم ئەو کاتانە تازە بەرەو باوەشی پێخەفە دێزەکەی مل دەکوتێ و خەونە ناخۆشە پڕ سروتەکانی لەئامێز دەگرێت... ئەو کاتەی تاریکی ئەستێرە و شەمشەمەکوێرە دەلاوێنێتەوە و چاوی ئاپوورەی ماندووی بازاڕ وەنەوز دەدات، ئەم تازە لەخەو ڕادەپەڕێ و چەکەکەی دەکاتە شانی... ساڵانێکە خۆر ئەم تارماییەی نەدیوە. ئەم خۆری تەڵاق دا، ئەویش نەفرەتی لەم کرد و لەنێو تاریکیی شەوەزەنگدا خەوی لێ زڕاند... زۆر بەتەنگیەوە نەبوو. دەیزانی لە ڕووناکیدا هەرگیز خۆشەویستی ناکرێت و حەرامەکان هەر لەخەودا و بەترسەوە ختوکەی جەستەی مرۆڤەکان دەدەن... ئەی بۆ دەڵێن شەو قەڵای مەردانە... لەبەرئەوەی ئەو مەردانە شەوان کاتێک چراکان خامۆش دەکرێن بەنهێنی و لەژێر لێفە ئەستورەکانیانەوە دەست و پەنجە بۆ جەستەی مێینە



دەستەمۆکان دەکوتن، بەبێ ئەوەی ئەم جەستانە بۆ جارێکیش ختوکەی پێڵاویانی دابێت، بەڵێ تەنها لە شەودا گەمەی چێژە نەدیوەکان دەکەن.

ئەم، شەوانە زۆر گوێبیستی ئەو نرکە و قیژە چێژاوییانە بووە کەدواجار مێیینەکان لەتاریکی و هەنوکەی ساتەکانی لەزەتدا توڕهەڵدەداتە دەرەوەی پێخەفەکان، لەکاتێکدا بێچارانە تازە لەناوەوە جۆش دەسێنن... ئەم شەوێکیان مێیەکی برسی بینی بوو بەتاسوقەوە گۆی مەمکی خۆی دەلستەوە و بەپاژنەی پێ خۆی دادەمرکاندەوە. زۆر لای سەیر بوو، وڵاتی شەو بۆ هێندە بەجۆش و پڕ لەزەت و ئاڵوشاوین... ڕۆژ هێندە بێ حورمەت نییە، سارد و سڕ و تینی تیا نییە... ئەم شەوان هەر بەئەندێشە خۆی تەڕ دەکات و هەر لەبەر تریفەی مانگەشەویش بەهەنسکی شمشاڵ ئاسای دارتەلەکان وسڵ دەردەکات.

ڕۆژ قەڵاتی نهێنییەکانە و هەموو شتێ بەپەنهانی دەکرێت... ڕۆژ هێندەی پۆلیس و جەندرمە هەیە مرۆڤ بۆ چوونە سەر ئاوێک سانسۆری لەسەرە... تەنانەت دەست هێنان بەباڵای گوڵێکدا جگە لەوەی پەت پەتی و چەرمەسەریی بەدواوەیە، ناویشت دەچێتە لیستەی دانیشتوانی مەرگ. ئەم پەیوەندی پچڕاندنە لەگەڵ خۆر و ڕووناکیدا بۆتە کارێکی ئاسایی و باو، نە ئەم باسی ئەوی دەکرد و نە سێبەری درەختەکانیش بۆ ژوانی ئەمیان دەڕوانی. هەر لەبەرئەوەیە نامۆیە... ئەم ساتە ڕەشە بێ ئەلکتریکە توند بەربینی پێگرتووە و خەونێکی سەرکێشی سرکیش خۆی ئاڵاندۆتە حەزەکانی، قاچێکی توکاوی ناشرین و لەشەو ڕەشتر لەدەرگایەکی تەختەوە بەڕوونی هاتۆتە دەرێ و یاری بەحەزەکانی دەکات... ئەم ڕەنگە ڕەشە لەهەموو شتێک لای جوانترە، چونکە زۆرباشی دەناسێت.

بەدیوارە قوڕەکەی تەنیشتی ئەنبارەکەوە چاوەزارێ هەڵواسراوە... خاڵی پشکنینە... نێو دەرپێکەی دەگەڕێت نەکا تاوانێکی بەرامبەر بەچێژەکانی کردبێت و سەرکوتی کردبن... کاتێک چاوی لینجیی سەر شەرواڵەکەی

لستەوە خەندەیەک سەرلێوی ماچەکانی گرت... لەودیو شەقامی تاریکییەوە دۆزەخێک ماخۆلانیەتی و پیاسە دەکات... بۆسەی ناوەتەوە و لەودیو کۆڵانی دەرگا تەختەکەوە خاڵی پشکنینی داناوە... ئەمیش ناوێرێت لەوێوە تێپەڕێت، چونکە دەزانێت سزاکەی سوتانە، ئەم دیویش کوچەی گوڵە سیسەکانی شەوە و ناوێرێت خۆی لەقەرەی ئەوانیش بدات، نەکا لەتاو ئازاری ناخ و جەستەیان بناڵێنن و ئەمیش بیداتە پڕمەی گریانێکی بێ دەنگی بێ کۆتایی... لە کۆڵانی دەرگا تەختەکەوە بۆ سەرەوە بەرەو کۆڵانە تەریبەکان مل دەنێت تا بچێتەوە ئەودیو، واتە ڕێگایەکی دوورتر دەبڕێت تا لەو بۆسەیە خۆی ڕزگار بکات. ئینجا بەرەو کۆڵانی جنۆکەکان مل دەنێت و بینایی دەفڕێت (ئەوەتەی من هەم ئا لێرەوە دەگوزەرێم و تەنها من و تاریکی دەستی یەکترمان گرتووە، بەپێی ئەفسانەکانیش تاریکی دۆستی ئەوانە کەچی تا ئێستاش نەم دیوە کەس چاودێریمان بکات و گوێ لەترپەی پێمان بگرێت یان یەکێکیان هەوڵ بدات تاریکی بکاتە سیخوڕی خۆی و منی پێ لەخشتە بەرێت...

ئەم درۆ جوانە چییە ئاوا بەرۆکی بەخانووە ڕوخاوەکە گرتووە. ناچارە بەرەو شەقامە گشتییەکەی شار مل بنێت.

جاران لەشەودا شەقام چاوی تیژ و ڕووناک بوو، وەڵا ئێستا کوێرایی داهاتووە، دەبێت دەستی شەقامەکان بگرێت نەکا خۆیان بدەن بەدیوارێکدا و کارەساتێ بقەومێنن. بەلایتە سێ پیلییەکەی دەستییەوە ڕووناکی دەبەخشێتە شەقام و درەخت و دارتێلە کارەباییە بێ نازەکان، چۆلەکە گرمۆڵەکان دەخاتە جریوە جریو، ڕووناکی پەنجەکانیشی دەبوونە مایەی گلەیی و سەرزەنشتیی شەو، چونکە لانەی شێران هەراسان دەکات... دەردێکی کوشندەی لەم جۆرە بۆ باڵای شاری داگرتووە؟ گەمارۆی عەشق و ڕاکردن و دەرباز بوون، گەمارۆی هەناسە و کازیوە و ئەنگۆرە ڕێگا سەرەکییەکانی تەنیوە... ئەمشەو لەشەوانی ڕابردوو جیاوازترە، هەست



بەکارەساتێک دەکات. ئەوەتا شەقام یەخەی پێ گرتووە و لێی دەپرسێت:

– تاکەی باسی ئێمە دەکەیت؟ ئێمە باسی تۆمان پێناکرێت. گەر دزەکان ئەمشەو پەلامارت بدەن، لەش و سەرت لەیەکتری جیاکەنەوە، ئێمە فریای چی دەکەوین؟ ئەوە نەبێت هەندێ خوێن و بۆ چەند ساتێ جەستەکەت لەئامێز دەگرین.

– گرنگ نییە، من لەدز ئازاترم، چاوم لەماڵی کەسەوە نییە و بەنانی ناوچەوانی خۆم دەژیم.

– درۆ دەکەیت، دز ئازایە، لەبەرئەوەش ئازایە، چونکە کارێک دەکات کە بەهەموو کەسێ ناکرێت، ئێمەش لەبەر ترسنۆکی خۆمان ناو و ناتۆرەی ناشرین دەخەینە شوێنیان. تۆ باسی دز دەکەیت و لەم لایشەوە نازی نانی ناوچەوانیش خستوتیانیتە هەلەکەسەما. گەر ڕاست دەکەی دزییەک بکە، بەڵێن بێت ڕاپۆرتت لێنەدەین. دەدەی... تەماشا ناوێریت. ترسنۆک بۆ ڕاستی ناڵێیت؟!.

چاوێکی بڕییە زوڵفی پاڵکەوتوی شەقامەکە و قاچیشی خستە سەر تەوێڵی و بەفیکە لێدانەوە گۆرانی دەگوت (بەرەو کوێ هەڵبێم، چاوەکانم بچووک بوونەتەوە... جیهان پڕ بووە لە دزی و خوێنی ماڵە تۆراوەکان دەخۆنەوە، شەڕەکانی عەدالەت وێڵی دزین و لەپەرداخی ئەڵماسدا بادە دەخۆنەوە... منیش لەڕەشاییدا نوقمی وەهمم و ڕوخساری ڕوناکیم بیرچۆتەوە).

درەختێک بەباڵای بازاڕێکی دوو نهۆمیدا هەڵگژاوە و گریانی بۆ تەمەنی خۆی دێت... سروشت لای ئەم بۆتە ڕوباری قیری لەکوڵ و ئاژەڵی ئۆتۆماتیکی لەبری جاڵجاڵۆکە و لەبری تەناف تێلی کارەبایی دەچنن، ڕۆژانەش بەدنیایەک فرمێسک گەڵا چەورە تۆزاوییەکانی خۆی دەشواتەوە...

بە بەرچاوی ئەمەوە ژوانی درۆ و خەڵەتاندن و دڕندەیی سەما دەکەن.

مرۆڤە قاچاخچییەکان تەلی تەلەفونێکیان پیادا هەڵواسیوە و درۆکانی بازاڕی پیادا تێئەپەڕێنن، ئەویش هیچ ورتەیەکی لێوە نایەت و لەترساندا زارەترەک بووە و ناوێرێت هاوار بکات، نەکا بەتەورێک بیبڕنەوە و ئاهەنگێکی سەما و گۆرانی لەهۆڵی تەنور بۆ بگێڕن... ناچارە شەوانە تێر تێر بگری و فرمێسک بخاتە سەر ڕوومەتی گەڵاکان بۆ بەیانییش گەمژە ڕەزا قورسەکان دەڵێن ئاورنگ باریوە... نازانن ئەوە فرمێسکی پڕ لەمهر و بەزەیی درەختەکە خۆیەتی... نازانن کە دڵی بۆ زۆرتان دەسوتێ و چاوی بەهەندێکتان هەڵنایەت... ئەویش بڕیاری داوە بەم زووانە لەگەڵ قاچاخچییەکدا ڕێکەوێت و دەربازی قەدپاڵێکی بکات تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی بەئارامی و دوور لەترس و دڵەڕاوکە بەسەر بەرێت... بەڵام پێدەچێت ئەویش دەستی ببڕێت و پارەکەی لوش بدات و ئەو گەڵایانەی کە ڕەنجی هەموو تەمەنین بەتاڵان ببات... شەوانە دوانەی سەرشەقامەکە تا تەماشایەکی یەکتری نەکەن دەستیان ناچێتە کارکردن... هەموو شەوێک باوەش بەملی یەکتردا دەکەن و بۆ بەختی یەکتر تێر تێر دەگرین... پیرەدار بوو بووە ژیانی ئەم و لەسەر تەوێڵی وێنەی ژیانی خۆی دائەتاشێت و ، بڕیارە پەیکەرێک دروستبکات و ناوی بنێت (سێبەری تاریکی). ئەم دوانەیە تەمەنێکی درێژە هاوڕێن و چاویان لێک نەتۆراوە... ئەمشەو چاوەڕێی کارەساتێ دەکات... پیرەدار نامەیەکی پێچراوەی دایە دەست پیاوی شەو و پاشان نیگایەکی بڕییە دەستی ئەم و لە سەرچاوەکانی مۆلەق وەستا.

– ئەمە چییە ؟!

– ئەو تارماییە دەبینیت کەپشتی لێمانە ؟ ئەو هێنای حەز ناکات چاوی بەڕوخسارت بکەوێت... بەکاوەخۆ نامەکەی خوێندەوە نوسرابوو: (شەو لەتۆ حەرام کرا، چیدی لەشەودا پیاسە نەکەیت تۆ مەحکومی بەدەرکردن، بڕۆ لە ڕۆژدا کارێک بۆ خۆت بدۆزەرەوە... چیتر پێویستمان



بەتۆ نەماوە) چاوی بڕوای بەوشەکان نەدەکرد. نەیدەزانی بەکێ بڵێت ئەمە زوڵمە... وشەکان لەسەر زمانی دەبوونە هەڵم و لە شوێنیدا ئەم قیژەیە بەجێ دەما:

– بەم شەوە و لەو چۆڵەوانییە کارم دست نەکەوێت! ئەی لە ڕۆژدا و لەنێو ئەو هەموو ژاوەژاوەدا پێم ناڵێن چۆن کارم گیر دێت. لەنێو ئاپورەی ئەم هەموو مرۆ بێ ئادرسەدا منێکی جەنجاڵ لەکوێ تیشکم بەردەکەوێت.

درەختەکە بەسۆزێکی بێ ئەندازەوە لێی ڕاما:

– خەفەت مەخۆ من و تۆ هەر ئەمشەو ئێرە جێ دەهێڵین. تۆ بچۆرەوە بۆ باوەشی ڕۆژ و منیش بۆ ئامێزی سروشت... لەم شەقامی درۆیەدا، نە من جێگام دەبێتەوە و نەدوو لێویش چنگ دەکەوێت فو بەشمشاڵی ئازارەکانی تۆدا بکات. حەزەکانت وەک شەو ڕەشن لەباڵی قاژو دەچن.

– گرنگ نییە پێی ڕازیم، ڕەشە بۆرە من قایلم... باش لەدەردی ڕۆژ بەئاگام بەچی بگەمە مەملەکەتی ڕۆژ؟ خۆ من تەنانەت پسولەی مووچە وەرگرتنێکیشم پێ نییە. بەهەمان کۆڵانە مل باریکەکاندا ڕێگایماڵەوەی گرتەبەر... ترسێک چاوی لەڕێییەتی. لۆژ لۆژ بەپەنا دیوارەکاندا ڕێچکەی دەکرد... تا گەیشتە خاڵێک هیچ شتێکی نەبینی، نە دیوار و نە درەخت و نەدارتێلی کارەبایی. چاوەکانی بەرز کردەوە... بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت گەیشتۆتە کۆڵانی جنۆکەکان... ئێستێکی کرد و تاهێزی تێدا بوو هاواری کرد... هاوارێک دەرگاکانی کۆڵانی هەموو دا بەیەکدا... گلۆپەکانی ژوورە پڕ لەنهێنییەکانی بەئاگا هانی... پەردەی ژوورەکان بەترسەوە لەکونجی پەنجەرەی سەرکۆڵانەوە تەماشای دەرەوەیان کرد. هاوارێک بوو خەمی چەند ساڵەی تەنیایی شەو و شەقامی تیا ڕشاندەوە... ڕشانەوەیەکی بێ هاوتا. پیستر لەڕشانەوەی بەدمەستەکان... جەیحونی ساڵانی تەمەنی دەرهاویشت... هاوار گەیشتە گوێی دکتاتۆری شەو...

جنۆکەکان... سیخوڕەکانی شەو... ئێوە دەستی خۆتان وەشاند. بەڵام ناهێڵم هەروا بەئاسانی بەسەرتانەوە بچێت، نا نا ناهێڵم لەناخمدا ڕەگ داکوتن... سەیرە! ڕیش چەرموە چڵکنەکانیش زرکی ئەفسانەم لێ دەن و سەمای دەرکردنی ئێوە لەسەر جەستەم سازبکەن، کەشی مەرگی ئێوە هەر لای منە و لەناخمدا دەتانخنکێنم.

ڕۆژ مەملەکەتێکە و ڕۆژانە ئاماری دانیشتوانی دەکات، ڕێک ئەوەندەی دانیشتوانی هەواڵدزی نهێنی هەیە و گەر تارماییەک کەسی بەشوێنەوە نەبێت، دیارە کەوا غەوارەیە و حسابی وردی بۆ دەکرێت... ڕاپۆرت دەستی ڕاپۆرت دەگرێت و پێکەنینی بەسیمای پەشۆکاوی غەوارە دێت، پاشان ڕەوانەی ئاسایشی گشتیی شار دەکرێت... (ئەمڕۆ نامۆیەک بەبێ پرس و ئاگاداری سنوورەکانی بەزاندوە و بەبێ ئەوەی کەس بزانێت هاتۆتە نێو مەیدانی شار... دوکان هەواڵی دایە شۆستە و ئەویش چرپاندی بەگوێی شەقامدا، شەقامیش لەڕێی جۆگەلە ئاوەکەی تەنیشتی بەبروسکە دەریای تێگەیاند... دەریاش بەهۆی قریشکە و شڵپ و هۆڕی شەپۆلەکانەوە ئاسمانی ئاگادار کرد... ئاسمانیش بەهۆی گەواڵە هەورێکەوە ویستی خۆر تێبگەیەنێت... خۆر گەرم داهات و هەوری بێ چارەی تواندەوە و... هەپروون بەهەپروونی کرد. خۆر بەپەلە بۆ سۆراغی ئەم کێشەیە سیخوڕە تایبەتییەکانی خۆی کۆکردەوە و مەسەلەکەی بۆ باس کردن و داوای شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەسەلەی ئەم نامۆ دزێوەی کرد لێیان، خۆر تاقەتی گوێگرتنی سیخوڕە دڵسۆزەکانی خۆی نەبوو... بەبێ ئەوەی سەرنجە تیژەکانی لەسەر شتێ بۆ چەند ساتێک جێگیر ببێت هاواری کرد:

– ئەم هەتیوە ڕەنگی ڕەشەو لەخەڵکی وڵاتی شەو دەچێت. نازانم چۆن بەبێ ترس سنووری بەزاندووە. یان لە کام ئۆفیسی پەنابەری خۆی ناونووس کردووە. ئەگەر دۆسیەی ڕەسمیی نییە، لەمەرزی نێوان شەو و ڕۆژدا بیدەنە دەست چەتەوڵەکانی شەو. لەچاو تروکانێکدا کابرا گیراو



قۆڵبەست کرا... وەکو ئەوەی کەتازە لەدایک بوبێت خۆی بێ بەرگ لەبەردەم بەڕێوەبەری ئاسایشی وڵاتدا بینییەوە. کابرایەکی خێلی بێ مل وەکو ئەوەی پەلەی هەناسەدانی بێت سەری بەشانیەوە چەسپیبوو، لەکاتێکدا جوتێ دەستکێشی لەدەست دەکرد بەکاوەخۆ دەستی لەکۆمی ئەم دەکوتی و هەتا زیاتر دەستی چەپی پاڵەپەستۆی بخستایە سەرپشتی ئەوە دەستی ڕاستی بەکۆمی ئەودا ڕۆدەچوو ڕۆچوو... ڕۆچوو، هەموو گۆشە و پەنا و پەسێوەکانی پشکنی، هیچ پاسپۆرتێ... پێناسەیەک ڕەنگی نەبوو. کابرای خێلە لەکاتێکدا بۆنی بەدەستی خۆیەوە دەکرد وەکو ئەوەی بەم بۆنکردنە بۆی ئاشکرا بوو بێت کە ئەم نامۆ ڕموزنە خەڵکی وڵاتی شەوە و هەر لەوێش هەموو شتێکیان لێ سەندووە، وتی:

مەملەکەتی ئێمە لە مەملەکەتە سەرڕەشەکەی ئێوە بەبەزەییترە.

ڕێگەیان دا بۆ چەند ڕۆژێ بچێتە سەر شەقامەکانی شار، تا بزانن دەتوانێت لەگەڵ ئەماندا هەڵکات. خەڵکی سپی بەرخۆر، چاویان بێزی لەجەستەی ئەم نامۆیە دەکردەوە...

لێپرسراوان جارێکی تر باڵبەستیان کرد و پەنجە مۆریان بەزمانی کرد ئەویش لەتاو ئازاری لێدانی گوتی (من خەڵکی مەملەکەتی شەوم، لەبەرئەوەی خاوەنی شەقامە سەرەکییەکەی شار ئامۆزاکەی خۆی کردە پاسەوانی درەخت و ئەمبارە گەورەکە، بەپێی بڕیارێکی ئەزەلی و دەست لێنەدراو منیان ڕەوانەی ئێرە کرد).

لەدوای ساڵانێکی درێژ لەسەر تەلاشێکی درێژکۆلە نوسرا بوو:

(ئەمە گۆڕی کابرایەکی بێ ناسنامەی قەلەندەرە، نەسەر بەهیچ کیشوەرێکە و نە ناوی خۆیشی لەبەرە، لەبەرئەوەی کەبۆ مێژوو جگە لەسپلێکی هەڵاساوی هەوکردوو چی تر نەبوو، وەک حاڵەتێکی مرۆڤایەتی بڕیارماندا ئەم وڵاتەی پێشکەش بکەین).

# مەرگی ماچە نهێنییەکان

مشکێک لەباخچەکەدا سێوێکی دەکرۆشت... چاوەکانی ئەمیش لەنێو دەریای بیرکردنەوەی گوناهکارانەی خۆیدا ڕۆچووە خوارێ، مشکەکە هێندە بەکاوەخۆ لەسێوەکەی دەکرۆشت وەکو ئەوەی بیەوێت بەسەد ساڵ لەکرۆشتنی بێتەوە... چاوەکانی لێکنا (من چۆن بەرگەی ئەم هەموو فەرامۆشییە بگرم، چۆن ئەم هەموو تەمەنەم لەچاوەڕوانیدا بەسەر بەرم).
ئاسۆیەکی لێڵ سەراپای ژوورەکە و ناخی داگیر کردبوو، وەکو ئەسپێکی دەستەمۆ تەنها کلکی بائەدا... نەیدەزانی کامە ڕێیان دەەیباتەوە بەردەم پانتاییەکانی جوانی، زۆر ناوەز چۆکی بۆ ئاستەنگییەکانی بەردەمی دادا... نەچاڵ و چۆڵییەکانی بەردەم ئاسۆی بۆ پڕ دەکرایەوە و نە لەم تەم و مژە خنکێنەرەدا قومێک هەناسەی دەست دەکەوێت بۆنی خوێنی کوژراوەکانی مێژووی لێ نەیەت... سەرباری ئەوەی لەنێو مێژووی خوێندا وانەی جوانیی دەخوێنێت کەچی ئاسۆ تەسکەکانی بەرچاوی لەودیو چیاکەی بەرامبەری ڕەت نابن، هەستێکی کارەساتاوی و نامۆ چاوەکانی پێ دادەخزاندە خوارێ... لەنێو چنینی دەزوەکانی چەرچەفی مێزەکەی بەردەمی تروسکەیەک هێواش هێواش بەدەم پێکەنینێکی حەپەساوەوە کوێر دەبووەوە، هەستە



قورسەکەی دەروونی تاریکاییەکانی ناخ، ژوورەکەیان داگرت و کپی و خامۆشیی خەونەکانی کەوتنە دڵەکوتە و شەڕیان بەچرکەی میلی کاتژمێری باوەشی دیوارەکە دەفرۆشت، ساتە قورسەکانی چاوەڕوانی، ماڵێکیان لە خەم بۆ دروست کردبوو، دڵی زۆر بەتوندی لێی دەدا وەختە سنگی کراسە پەمەییەکەی بەری بدڕێت و لەم سنگە بچووکە دوکەڵاوییە خۆی ڕزگار بکات... هەتا کەی چاوەڕوان بێ؟ تاکەی ڕۆحی پڕ لەژانی چاوەڕوانی ماچێ بێت و ئەویش بەلاقرتێیەکەوە پشتی تێ بکات؟ دیوارەکانیش خەمبار دیارن، ماوەیەکی زۆرە یاری و دەستبازی و جەستەی تێکەڵاوی ئەمانیان نەدیوە، ئەمانیش دەمێکە چاوەڕێن تەماشای ئەو دوو جەستە تێکئاڵاوە بکەن و کەمێک حەزی کپکردوویان لە گەمەی جەستەی ئەوانەوە خاڵی و کپ بکەنەوە و لەنێو هەردوو هەستی ئازار و لەزەتدا خۆیان ون بکەن... ڕۆحی خەفەبووی نائارامە، دوو هێندە و زیاتریش بێ باکی و گۆرانی سەرلێوی ژەهراویی ئەو، بەشەوارەی بێزاری و ڕاڕاییان خستووە. چی بکات؟... بەرەو کوێ چاوی بکاتەوە؟ کام دۆزەخە زۆر تاوانبارە با ئەم خۆی تێ فڕێ بدات... زیندانی حەزی لەبەر خۆرە و ئەمیش حەزی لەئامێزێکە خۆی تێ بهاوێژێت. ڕۆژانە لەو دیو پەنجەرە دوورەکانی کۆڵانەوە ماچ بۆ ڕێبواران هەڵدەدات، دەرگا کلۆمدراوەکەی بۆ ناشکێت، ئەگینا شەقامەکەی بەنێو ژوورەکەی خۆیدا تێئەپەڕاند... شەڕێکی ناچاری دەروونی هەژاند، نەیدەتوانی چیدی کۆیلەیەکی بێ ئیرادەی بێ دەنگ بێت و تامەزرۆی ئەم ساتە کوێرە تاریکە بێت، ژیان چەند هەناسەی ئاخە، چەندی تری خۆشییە؟! لەسەرچی خۆی بکاتە خواردنەوەی دوا پێکی مەرگ و گەرووی تامەزرۆی ئەمیش لەتینوێتیدا گۆرانی بۆ وشکبوونەوە بچرێت؟! زۆر سەیرە، ساڵانێکە باسکی لەملی ئەم دیوارانە نەئاڵاندووە و تارماییەکانی جەستەی ئامبازبوی دەڵاسێتەوە و ناگاتە تامی خامۆشی... زیاتر دڵی دەگوشرێت و کاسەی سەری قورس تر دەبێت، بوارەکانی

بیرکردنەوەی تەسکتر دەبنەوە، چاوە بچووکەکانی تیژ دەڕوانن، بەڵام فراوان نین، بەشوێنە هەڵواسراوەکانی جارانیانەوە دەمێننەوە تا شل دەبن و پاش جیرەجیرێکی ژەنگگرتووانە بەردەبنەوە و لەناو باوەشیدا دەسرەوێن...

دیوارە ڕەنگ کاییەکەی بەرامبەری دەبڕێ و بەرەو کەنارەکانی بۆشایی ئەستێرەکان مل دەنێت، چاوی لێیە لەناخەوە پڕ بەگەرووی کپی پێدەکەنێت و گۆرانی دەڵێت.... دیوارەکان باڵیان گرت، پێیان باشە دیواری تیاترۆخانەیەک بن نەک ئەم ماڵە سارد و سڕە، سەقفی ژوورەکەش وەک قاڵیچەی پیرەژنێکی جادوگەر باڵی لێکنا و بەرەو ماچی ئەستێرەکان دوور هەڵفڕی... چاوە خەواڵووەکانی هەڵبڕی لەنێو بیابانێکی کاکڕدا لەسەر لمێکی داغی دۆزەخی وەکو یەکەم ساتی لەدایک بوونی بێ جل و بەرگ لەسەر پشت ڕاکشا بوو... گەرمایەکی سوتێنەر بەرچاوی تەنی، خۆرێکی ڕق ئەستوری زبر زۆر بەتوندی دەیبرژاند... بەڵام ئەم باکی نەبوو... سەدەی سەرفرازییە و پێویستە ساتە ئەفسوناوییەکانی ئامێزان بکات، چاوانی بڕییە دووریی بیابانەکە، بەدوای ڕێبوارێکی وێڵدا دەگەڕا جەستەی ناسکی بەر سێبەری بداتە دەست و ئەویش بەئارەزووی خۆی گەمەی پێ بکات... چاوەڕوانی لەم بیابانەدا لە ژوورە داخراوەکە خراپترە... قاچەکانی دووی یەک خست و دەنکە لمە داغەکانیش ژێر پێی شەقاریان ماچ دەکرد و لەخۆشیاندا دەمردن و زیندوو دەبوونەوە، تەمەنێکی زۆرە کەس پێی پیادا نەناون و دڵخۆشی ئەم بێ کەسی و بێ ئاوەڵییەی نەداونەتەوە، تینوێتی بەربینی بەگەرووی گرتبوو... لێوە وشکەکانی گۆرانی بیابانیان دەچڕی، چیدی نەیتوانی بەپێوە خۆی ڕاگرێت، لەسەر دەنکە لمە سوورەوەبووەکان پاڵکەوت... ئەم جەستەیە لەجەستەی وڵاتی بەفر دەچێت، بەژیانیان جەستەی پەمەیی وایان نەدیتووە... چێژێکی سەیر لەنێوان دوو جەستەدا ڕوویدا، تێکئالانی نێوان وشکاییی لم و پێستی ئارەقاوی ئەم، بوونە مایەی جۆشدانی حەزە حەرامکراوەکانی نێو گەرووی وشکوەبووی



زەمەن، دەنکە لمە داگیرساوەکانیش وەکو ماچی شەیتانی، دەنوسان بەژێر کەفەڵ و سەرسنگیدا. لەنێو ئەم گەشتە خەونییەدا پەلەکوتەی بوو، بەلەپی دەست یاری بەجەستەی خۆی دەکرد، لێدانی دڵی بوونە هستیریای پڕ چێژی پەنجەکانی، نەیدەزانی ئەم ئەفسانەی حەزە لەکەیەوە داخی دەکات، لەنێو جەستەیەوە وەک مردوو خۆی لێ کوتا بەزەویدا، لەدوورەوە ئاوازێک وەک سەراب بانگی دەکات و دەیەوێت لەخەو ڕایچڵەکێنێت لەم ساتە وەکو ئەوەی بان و دیواری زیندانەکانی دنیا سەرجەم بەسەر خۆیاندا تەپین، لەنێو پێخەفەکە ڕاپەڕی و هەمان قەوارەکەی جاران لەئامێزیان گرتەوە، حەزی دەکرد چیدی لەو گەشتە ئەفسوناوییە نەگەڕێتەوە، تاکو لەوێ بگاتە دوا ساتی تێکئالانی جەستە زیندووەکان... شەوقی سیرای لێفەکەی ڕوانینی بەدەرگاکەوە بزمار ڕێژ دەکرد، مووی قەترانیی سەر سنگی نووستووی سەر نوێنەکەی تەنیشتی لێی ورد دەبێتەوە... لەنێوان سۆز و گوماندا بۆتە پارچەیەک سەهۆڵ... پەنجە سەماکەرەکانی تامەزرۆی ڤاڵسێکی هێواش بوون لەگەڵ مووە قەترانییەکاندا، سەمایەک لەسەرخۆ بگاتە تێکەڵ بوون، بگاتە تواندنەوەی ئەبەدی، بەڵام ئەم دەست بردنە بۆ مووەکانی سەرسنگی نووستووەکەی تەنیشتی وەکو سەما لەگەڵ مردویەکدا بکات وابوو، کە ئەم جەستەی سستی ئەو بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت... ئەم تۆپەڵێ گڕ و ئارەزوو، ئەو کوانویەکی خامۆش بوو، پرسیارێک بروسکە ئاسا سەرنجی بەو دیوی ئێستاوە چەقاند، لەخۆی پرسی: (بەڕاست ئەمە بۆ وا لەپڕ بوو بەشەختە) گەمەی پەنجە و مووە سەرمابردەڵەکان وەک داهێنانی قژی منداڵێکی لاسار وا بوو کە بیەوێت خۆی لەدەست شانەکەی دایکی ڕزگار بکات، پەنجەکانی زۆر بەترس و خۆفەوە خۆیان هاویشتەوە باوەشی لەپی دەستی نەکا ببن بەشەختەیەک و هەڵوەرێن، زەمهەریری مووەکان بوونە نەفرەتێک و پرسیاری گوماناوییان لا دروست کرد... تۆ بڵێی دەستێ لەو دیوی ئاسۆوە کوانویەک بەفراوی پیا کردبێت؟!...

زەمەنێکە و ئەفسانەکان قەرەج ئاسا کۆچیان کردووە و لای ئەم بوونەتە چیرۆکێکی جارِسکەر... ورد ورد تەماشای خانەکانی پێڵوی چاوە داخراوەکانی دەکرد، هەر هەمان گڕی جاران گەمەی لستنەوەی جەستە دەکەن، بەڵام جەستە ئەسمەرە نووستووەکەی لای تەنیشتی لەجەستەی پەمەیی و لاوازی ئەم ناچێت، ئەو نایەوێت جەستە بێنازکەوتووەکەی ئەم لەئامێز بگرێت و گەرمی بکاتەوە، عەیامێکە برسییەتی بەڵام ماچێک دەیکاتە ڕەهێڵەیەک سەما، "سەیرە! جاران وانەبوو، تاریکی ئەم دیوی پەنجەرەکەی بەهەموو جیهانی ڕووناکی دەرەوەی نەدەگۆڕییەوە، چونکە بەلێشاو گەواڵە هەوری کامەرانی دەڕژانە ناخیەوە"... کاشکا منیش لەئامێزیا دەبوومە تەنێکی ئارامگرتوو، جەستەیەکی خەوتوو، خەوتووی گەشتێکی ئەفسانەیی. زۆر حەزی دەکرد ئەو ساتانە بگەڕێنەوە کە زەمەن لەگەڵ هەناسە قوڵەکانی ئەماندا ئەحەپەسا، دیوارەکان ئارەقەی ڕەش و مۆریان دەکردەوە، ئەمێستا بۆ؟! لەوانەیە خەو... نە... خەوی چی، ئەی بۆ وای لێهات؟! ئەم شەو دیوار و تاریکی و ڕەنگی شینی گلۆپە سفرەکە سەرجەم، بوونەتە ڕمێکی گەورەی مسین و بێ ڕەحمانە جەستەی تەریکی داغ دەکەن... گەرەکیانە ئەمشەو جەستەی بکەنە بەستەڵەکێک و چێژەکانی لەنێو ڕۆنی پاش ئابڕووتکاندنێکا سور بکەنەوەو بۆ دواجاریش بەنەفرەتلاکراوی بەجێیبێڵن... سەری لەم گەمە نامۆیە دەسوڕا، تۆ بڵێی نهێنی ئەم گۆڕانە کت و پڕە لەچیدا بێت... ویستی بیرکردنەوەکانی مۆڵ بکات و ڕاپرسیمان پێ بکات، تاکو تێبگات نهێنی ئەم بەبەردبوونەی نووستووەکەی تەنیشتی لەچیدایە... تەماشایەکی وێنەی ئاهەنگی ڕۆژی گواستنەوەکەی خۆی کرد، زۆر بەمەرەوە لەباوەشی دیوارەکەدا پێدەکەنی، لێوە وشکهەڵاتووەکانی سەرنجیان ڕاکێشا، ئەو لێوە چرچانەی ئۆقرەیان نەبوو، دەستێکی گۆشتنی کەمێک توکن هێرشیان بۆ قۆڵی پەمەیی و شوشەیی ئەم هێنا بوو، بەجۆرێک بەلا پەراسوی خۆیەوە نوساند بوو، وەکو



ئەوەی بترسێ لە دەستی هەڵبێت، ئای لەو دەستە بزێوە برسیانەی تا ئەوساتەش ماچی جەستەیەکی ناسکیان نەکردبوو هەر هەمان ئەو دەستە پڕ مهرە بوون کە لەنێو دارستانەکانی خوارووی شاردا دوور لەچاوی خەڵک گەمەی بەمەمکی ئەم کردبوو، لەدوای گەمەش پێی وتبوو:

– هەرگیز لێت بێزارم نابم، ژیانی منت سەراپا گۆڕی.

– هەست دەکەم کاتەکان ڕستەکان دیاری دەکەن و وێنەی قسەکان هەموو کاتێ وەکو یەک نین، هەربۆیە من زۆر دەترسم.

– بۆ تۆ چۆن لەمن گەیشتویت، من خۆم باش دەناسم.

دڵنیا بوویت لەوەی کەوا خۆی نەناسیوە، هەر ئەم حاڵەتەش بوو لەنێوان گومان و یەقیندا گەمەی پێ دەکرد، لەو ساتانەی بەبەرچاوی ئەستێرەکانەوە لەسەر جەستەی خۆی زەنگی کڵێسەیەکی چۆڵی لێدەداو تینوێتی سنگ و قژ و ژێرکەفەڵی ئەمی بەماچ دەشکاند... ئەو وێنەیەی جوانترین نیگای منداڵانی برسی بوو... ماچەکان شوێن نەما گەمەیان لەگەڵ نەکردبێت... یادگاری ئەم ساتە بووە قوڵپی گریانێک و هاواری لێ هەستا:

– دەبێت من چیم کردبێت... زامی کام سوێم کولاندبێتەوە؟ بیرم نایەت هێندەی کێشی پەپوولەیەک ئازاری چۆلەکەیەکیشم دابێت... بەدەست خۆی نییە حەزی دەکرد جیهان دارستانێکی سەراپا سەوزی ڕووناک بوایە و لەئارامیی سەمای گەڵاکاندا مەلەی بکردایە و لەژێر سێبەری قژی شۆڕەبییەکاندا ژوانێکی هەمیشەیی بگرتایە و ڕیتمی لەدەنگی خوێندنی مەلەکانەوە وەرگرتایە... "من چۆن دەڕوانمە دنیا و ئەویش چۆن تەماشام دەکات"... ئاوڕێکی بەلای چەپی خۆیدا دایەوە جەستەیەکی نەبزۆکی بێ گیان پاڵ کەوتووە... نەیوێرا پەنجەکانی ئاڕاستە بکات، ترسا لەوەی بەخەبەر بێت و وەکو پیشەی گشت کاتێکی پیای هەڵشاخێ... دەمێکە ژووانیان نەبەستووە، ڕقی لەهەموو شتێکی دەبێتەوە، حەز دەکات لەنێو

پێخەفەکەیدا بیتاسێنێت. بەڵام هەر زوو هاتەوە هۆش خۆیو تێگەیشت زۆر لەوە گرنگتر و بەیدەستترە بوێرێت قسەشی لەگەڵدا بکات، لەخۆی ڕاما، قوڵ چووە نێو خانەکانی هەستی خۆیەوە، لەژێر تیشکی شینی گڵۆپە سفرەکەی ژوورەکەدا تەماشایەکی ماکسییە پەمەییە بێ قۆڵەکەی بەری کرد، تەمێکی چڕ بەری بیناییان گرت و وێڵیان نەکرد "تۆ بڵێیت خۆی لێ نەگۆڕا بێت؟ لەو باوەڕەدا نەبوو. نەوێڵ بووەو نەون، ئەدی ئەو نهێنییە چییە وای لێدەکات هەست بەمێیەتی خۆی بکات، ساڵانێکی درێژە ئەو تەرزەی فڕێ داوە، لەوە دەچێت حەزە جەستەییەکانی ڕێگەیان لێ وێڵ کردبێت، هەناسەیەک، ڕاموسانێک بەدەروازەی ئەو تونێلە شێدارە بزانێت و لە تاریکی ئەم تونێلە ڕزگاری بکات، گومانی لەخۆی پەیدا کرد "لەوە دەچێت شێت بوو بێتم، نا... وا نییە بەڵکوو ئەو گۆڕاوە، جاران فرسەتی نەدەدام، بەئان و سات لێم دوور نەدەکەوتەوە، بگرە ئەو کاتەی وادەی خۆم بوو ئەوکاتەش لەهەموو کات زیاتر گەرەکی بوو لەگەڵما جوتبێت"...

گومان مێشکی دەخوات، پرسیارەکان دووبارە دەبنەوە، سەرنجەکان خێراتر بەرەو ڕووی دەبنەوە، قسەکانی دەرەوە زیاتر و گوماناویتر دەبن... "ئەفسانەکان ئیرەییان پێ دەبردین، ئەو کاتانەی هیچمان نەبوو بیخۆین تێر تێر یەکترمان دەخوارد و لەسەر شیلەی یەکتر دەژیاین، تەنانەت خواوەندەکانیش پیرۆزبایی ئەو عەشق و سەبرەیان لێدەکردین، ئەی ئێستا بۆ؟ بۆ وەکو دەستەسڕی بەکارهێنراو فڕێی داومەتە دەرەوە، ئەو نەفرەتە شەیتانییە کامەیە منی لەنێو ئەم گومانەدا جێهێشتووە" گریانێک بەربینی گرتەوە، تا نەبێتە زریان خۆش ناکاتەوە، ڕقی لەبەیدەستی خۆی دەبێتەوە، هەستی دەکرد جەستەیەکی بێ دەست و قاچ و ڕوخسارە، چاوەکانی وەکو جاران وێنەی شتەکان ناگرن، هەمووی بەدزێوی دێنە بەرچاوی، وێنەکان ڕوون و بێ گەرد نین، وڕو کاس بەدەم ئاماژە گریاناوییەکانەوە دوا دڵۆپی حەزەکانی خۆی دەخواتەوە... جەستەی بەجێماوی فەرامۆش کرد، هەستی



دەکرد ئەمجارەیان بەپێ خاوسی بەنێو تونێلاکی پڕ گوێزاندا ڕێگە دەبڕێت و چاویشی بڕیوەتە مەملەکەتی شەمشەمەکوێرە... بەڵام زوو بەخۆدا هاتەوە، ویستی پەتی حەزەکانی بۆ مەڵاک شل بکات، ئەویش لەسەر باڵە ڕەنگینەکانی بەرەو ئاسمانی دوور، دوور لەسنوورەکانی حەز، دوور لەچاوە بزۆزە درۆزنەکان بیبات و نەگەڕێتەوە" خەونێک لەو شەوە پڕ وەیشومەیەی دوورخستەوە، خەونێکی فڕیوی نێو هەورە پەرش و بڵاوەکانی دوای لافاوێکی تورەی بەهاری، فڕین بۆ باوەشی ئەستێرە دوورەکانی چاوەڕوانی، لەوێدا ئامێزانی باڵای ئەستێرەیەک بوون، ماچێکی ئەبەدی بەرەو بۆشاییە دورەکانی ژیانی نامۆیی بردەوە، بەم ماچە ساتە دۆزەخییەکانی لە جەستەی تەریککەوتوی دوورخستەوە... بزەیەکی بێناز سیمای هەردووکیانی ئارایشت کرد، پۆلە قاژویەک لەسەرابی زەمەنە ڕەشەکانەوە بەوروژوم هاتن... دەوریان تەنین، دەنوکی هەموویان سەرجەم و لەیەک ساتدا دەنگیان دەهات، تەقەتەقیان تەپڵی گوێی دەدڕی، دەستی لەرزۆکی پڕ ترس دڵی زارەترەکبووی دەلاواندەوە، هێدی هێدی لەنێو تەمێکی ڕەشدا لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە، هەر پۆلە قاژویەک یەکێکیانی باڵ بەست کردبوو، بەرەو دۆزەخی ڕقە پیرۆزەکان دەیانبردن، لەوێ بەو تاقی ئاسمانەوە نە دەوەبوو بتوانن هەڵبفڕن، نە ئەوەش بوو زەوی کێشیان بکاتەوە، بای کازیوەش جارجار دڵی دەدانەوە جارجارێکیش لوتەمەقاشێکی داغ بەبن هەنگڵ و لاسک و ڕانی تەزیویاندا دەچزا... باسک و قۆڵیان ئاڵاندە گەردنی یەکتر، جەستەو ناخی بەشەختەبوویان سواڵی تروسکەی گەرمایان لەیەک دەکرد... هێواش هێواش بەیەکا نوسان، بەڵکوو کێشیان قورس بێت و زەوی ڕایانکێشێتەوە... تێکئاڵان و خۆڕاموسان بوو بەگەمە، چێژی گەمەش وەکو تەزووی ئەلەکتریک بەناخیاندا مێروولەی کرد، زۆری نەبرد دۆزەخێک هەردووکیانی هەڵلوشی، قیژەیەکی لێوانڕێژ لەئازار و لەزەت لەو دۆزەخە بەئاگای هێنایەوە... حەزی

دەکرد ئەو دۆزەخە ڕاستی بوایەو لەناوەوە بەکلیلێکی ئەفسووناوی دایخستایە و کلیلەکەش هەڵبداتە بنی دەریایەکی سەر شێت... پرخەی مەیتەکەی تەنیشتی دەهۆڵێکی دەنگ نوساو بوو مێشکیان دەرزی ئاژن دەکرد، پرسیارەکان جارێکی تر شالاویان بۆ بیرکردنەوەی هێنایەوە... ئەو گۆڕاوە؟ بۆ گۆڕاوە؟ نەگۆڕاوە بەدۆزەخ، دیارە تۆڵەی لێ دەکاتەوە، تۆڵە لەکێ و لەپای چی؟ لەمێک کەهێندەی بارستایی باڵی پەپوولەیەک ئازاری دڵی نەداوە، لەمێک کە جگە لەئارامی، جوانی و عەشقی فریشتەیی هیچی تری نەکردووە؟ باوەڕ ناکات... جولەی کلکی مەیموونی نێو کاتژمێری سەرمێزێک نیگا خەواڵووایەکانیان ماشییەوە، گەشتی باخچەی ئاژەڵانی هاتەوە یاد... دەستهێنان بەپشتی بێچووە کەروێشکە سرکەکە، لاسایی کردنەوە و جوێنی توتییە دەنووک قولابییەکە، سیما و ڕوخساری کۆمێدییانەی بێچووە ڕێوییە فێڵبازەکە، ئەوەی لەهەموویانی زیاتر خۆشحاڵی کرد جگەرەکێشانی مەیموونە تیسکنە قن ڕووتاوەکە بوو.

ئەم وای دەزانی کەتەنها جگەرە لەمێردە ڕوشناخە قۆزەکەی ئەم وەردەگرێت، بەڵام کاتێ بەچاوی خۆی بینی مۆتاو چەرەس و جگەرە لەگشت کەسێک وەردەگرێت بۆ چەند ساتێک ماتی گرتی، پاشان بەشانازییەکەوە دای لەتریقەی پێکەنین... چاوەکانی فڕین بەسەر جەستەی نووستووەکەی تەنیشتییەوە لەنگەری گرت.

مووەکان درێژتر دەبوون، هەموو لەشیان داپۆشی و پرخەکەی بوو بەقیژە قیژ، یەکسەر مەیموونە تیسکنەکەی باخچەی ئاژەڵانی هاتەوە بیر... ڕقی لەخۆی دەبووەوە... "تۆ لای خۆت بەخواوەندی جوانیی ئەقڵ و ئەشق دەزانیت کەچی ئێستا کۆیلەیەکی دەست بەستراوەی حەزە دزێوەکانی ئەویت... وا ساڵێکە بوویتەتە هیچ، نەکەس حسابت بۆ دەکات و نەگڕکانی ئەم ناخەت دادەمرکێتەوە... ئێستا تۆ و بلورێکی شکاو یان گوڵێکی سیسی ژاکاو یەک شتن و هیچ کامێکتان بۆ زەوییەکی تینووی خنکاو نابن



بەئاو... ڕقەکەی دیسان هەڵکفا، لێوی ڕوخساری بەدەنی وەک شۆڕەبی هەڵدەلەرزی... هەڵلەرزین پێڵوی بێ ئارامیی پێ دەتروکاند... بیرۆکەیەک لەبەردەم دووڕیانێکدا وەک کۆلارەی دەستی منداڵ هەڵیواسی... دەست بنێتە قاقایی و بیتاسێنێ، یان ئەوەتە تا چاویلکەی مەرگ دەپۆشێت دیلی ئەم شورە ڕزیوە بێت و ، خەون و حەز و هیواکانی هەر ئالێرەدا خاکسار بکات و بێ دەنگی و خۆخواردنەوە بکاتە هاودەمی نزیکی و چیدی بیر لەژیان نەکاتەوە... مێشکی وەستا، بۆنی ڕشانەوەیەکی پیس پەڕەی لوتیان کون کون دەکرد... بێزی لەدار و دیواری وەتاغەکە دەهاتەوە. یان ئەوەتە بڕوات و ئێرە جێبێڵێت، بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە هەستی بەزەیی بەخۆیدا هەنسکی پێ هەڵنەڕێژێ... بڕوات تاچرۆی حەزەکانی جارێکی تر بژێنەوە... لەبەر خۆیەوە چاوە ماندووەکانی دەدواند... بروسکەیەک سەراپای ناخی هەژاند، یەکەم ساتی ژوانی ژێر شۆڕە بییەکانی بیرهاتەوە، بەڵام ئێستا تێدەگات ئەو ئاوێزانبوونە ئەو تاوانە بوو مۆری چەرمەسەری دا لەژیانی، ئەگەر ئاوا بیر بکاتەوە دەبێ تا دنیا دنیایە سزاکەی بەچاوەڕوانی بەرێتە سەر... چییە ئەو نهێنییە سامناکەی ئەمی پێوە گرفتار بووە؟ لەکام ڕێچکەی سەرابیدا ڕێی وێڵ کردووە... هەستی کرد دڵی دەتەقێ و چاوی بەقولاّ ڕۆدەچێ و قەفەزی سنگی چنگ لەجگەری گیر دەکات... بەجولەیەکی خێرا خۆی پێچایەوە... پێش ئەوەی بۆ دواین جار ماڵئاوایی لەگوڵی لاگوێی ڕاستی وێنەی هاوسەرییەکەی بکات ئەم چەند دێڕەی لەسەر پارچە پەڕەیەکی سپی نووسی و بەئاسپایی لەسەر دەرگای ژوورە قەترانییە تەنگەکە هەڵیواسی:

"من ئەم دۆژە بەجێ دێڵم، ئەو دۆژەی ناوت لێناوە ژووری نهێنییە پیرۆزەکان، جێی دێڵم لەدەرەوەش نهێنییەکان دەدرکێنم".

پاشان بەکاوەخۆ بەستە کەپسوولە خەوەکەی دەنک دەنک لەگەڵ قوم قوم ئاوی نێو پەرداخەکەدا قوتدا و بۆ هەمیشە چاوی لێکنا.

# ڕابوون لە دۆزەخ

یەک چرکە دووربوویت لەگێژاوی دووری قوڵایی دەریای نێو ئاوێنەکە، شەپۆلەکانی تا نزیکی چاوت دەهاتن، بەجۆرێک چاوەکانی پێتەوە دوورابوون بەئاستەم نەیدەتروکاندن، لافاوی دەریای ئاوێنەکە خەریک بوو چاوە ترساوەکانتی نوغرۆ دەکرد، تێکشکانێک لەناو شەپۆلەکاندا ڕوویدا، بەئاستەم خۆت بۆ گیرا، دەزوولەی خوێن سەر مستی گرتی بێ ڕتووش خۆپیشاندانیان دەکرد، هێند توند ئاماژەت بۆ شکاندن کرد، تا پارچەکان چەقینە گۆشتی چەندەها جار بەمەقاش ڕاکێشراوت... سەرنجە تیژەکانی لێت دوور نەدەکەوتنەوە، سیما پڕ مەترسییەکەی بووەتە مۆتەکە و بەرۆکت بەرنادات، هێندە لێت ورد بووەوە خەریک بوو لەنێو شەپۆلەکانی هەستتدا ون ببێت، زۆر سەرسام بوویت دەم داچەقان و ئەبڵەق بوون چەندەی ئەوە هەڵدەکفا... ئەمە کێ بێت بۆ وا تێت دەڕوانێت؟؟ تۆ بڵێیت لەوەوپێش یەکترتان ناسیبێت؟!... ها... باوەڕ ناکەیت... خودی تۆ زیاترە لەمرۆڤێک سەمای چێژەکان لەبەردەمیدا بەپێی ئارەزوو یاری دەکەن. نان تاکە شتێکە کە نایخۆیت... ئەویش لەوە دەچێت سالآنێک بێت جەستەی نەبووبێتە جێ ژوانی ماچی دڵۆپی ئەڵماسینی ئاوێک، مووە ماش و برنجییەکەی ڕدێنی



گەواهی بێ دەربەستی ژیانێکن کە پڕە لەبێ هودەیی و سەرگەردانی. ؟. بەلاچاو تەماشای مەکە... با بفەرموێت دانیشێت... خۆ ئەو هەر ئاگای لێت نییە، چاوەکانی خەریکی ڕاوکردنی گوڵە پایزەیەکن بۆ سەر لێوە وشەکەکانی، نەک بەدوای کەرتە دێوێکی دزێوی وەک تۆدا وێڵ بێت... بەدەنگێکی بەرزی ناقۆڵا فەرمووت لێ کرد... ڕاچەنی... لەو خەونە پەمەییە ناسکە بەئاگا هات و پەپوولەی چاوە تۆراوەکانی لەسەر سیمای قێزەونی تۆ نیشتنەوە... بەهەنگاوێکی خاو و خلیچکەوە سواری خەمەکانی بوو، خۆی گەیاندە بەردەم مێزەکەی تۆ... باسکی ئالآندە کورسییە ڕەنگ سوورەکەی بەرامبەرت و بەهەردوو دەست لەئامێزی گرت... وەک منداڵێکی پۆلی یەکی سەرەتایی چەنەی نایە سەر باسکی کورسییەکە... بەچاوێکی ئاگرینەوە تەماشای دەکردیت... تاوانێک لەنێوانتاندا بەهەردووتان پێدەکەنێ، هەر هەمان تاوان هەردووکتانی گەیاندە ئەم حاڵەتە ناجۆرە... تۆ یەک تەنها یەک بەهات کەمە. ئەوێک هیچ شتێکی نییە تەنها ئەو بەهایە نەبێت... ئۆقرەت لێ بڕا... نەتئەزانی بەچ زمانێک ئاخاوتنی لەگەڵ بکەیت... نەتئەزانی چۆن ئەمرۆ لەخۆتی دوور نەخەیتەوە... بەمۆڕەیەک و تووڕبوونێکەوە تێت خوڕی:

– دە دانیشە... مردووت مرێ خۆ ناتخۆم... لەچی دەترسی؟

نەیدەوێرا بڵێت لەتۆ... قسەکان لەسەر لێوە سیسەکانی وشک بوون... دەنگێک لەدواوە بەئاگای هانیت... تارمایی لەچکە سپییەکەی دایکت کەوتە سەر ئاسمانی پێڵوەکانت "لەچی دەترسم... لە هەموو شتێک... لە تۆ... لە خۆم... لە دنیا" ئەو ڕستە گەمژانەی دایکت نەبووایە تۆ مرۆیەکی تر بوویت، ئەو وەک مۆتەکەی ترس هەموو کات سەر دڵی دەگرتیت، لێت نەدەگەڕا قسەکانی سەرزارت تەواو بکەیت و دەیگوت:

– ئەزیزم... لێگەڕێ... با لەوە زیاتر نوغرۆی ڕەشاو نەبین و هێندەی تر

بەناخی زەویدا نەچینە خوارێ. بەقوربانت بم ئێمە کەی کەڵکی ئەم دەردەسەرییەمان پێوەیە!.

هەرگیز لەوە ناگەیت... چۆن ئەم ترسە بوو بەیاسای بەردەمتان و قورتمی هەموتانی گرت... چ وەیشومێکە گۆرانیی ترس بۆ مەلۆتکەی بوێر دەچرێت، کێن گوڵ بەدەمەکان کە درۆ بۆ ژیان دەکەن و بەدرۆزنی و ترسنۆکی گەورەمان دەکەن؟ کام مێژووەیە ئەم نەگبەتییە بەرهەم دێنێت؟.

تەماشایەکی مستەکۆڵەی خۆت کرد، خوێن قەتماغەی بەستووە، مرۆڤەکەی بەرامبەرت بووەتە هەزار پارچە... لەنێو، زیندە خەونەکان و ئاماژە ناسۆرییەکاندا ئاقارێک دیارە، گەمەی مەرگ لەگەڵ پەشیمانیدا دیارە، هەوا ژەنگاوییەکە هێرش بۆ سیەکانت دێنێ... نیگای ئەویش هێندەی تر چاوەکانی هەراسان کردبوویت... بەهێمنی کورسییەکەی بەرامبەرتی ڕاکێشا و وەک پەیکەری ترسی نەدرکاو یان پەیکەری تەمەنی مەرگ لەو بەرتەوە دانیشت... چاوەکانتان ئامێزانی یەکتر دەکرد... هەر دە پەنجەکەی کرد بەناو یەکداو زیندانێکی بۆ نێو لەپی دەستی دروست کرد، تا چیدی ڕۆحی سەرکێش نەتوانێت لەوێوە بفرێت، هەردوو ڕیزە برژانگی باڵی بێ ئۆقرەییان لێک نابوو، پەیتا پەیتا دەیکێشان بەیەکتردا، وەک ئەوەی بیەوێت بگاتە کەناری ئارامی و لەنەستێکی بێ شوماردا خۆی بخواتەوە،... بەلێوە لەرزیوەکانت تێت دەگەیاند کە بەخێرهاتنی دەکەیت، ئەویش تەنها بەسەر لەقاندنێکی بچووک وەڵامی دایتییەوە... ئەم نەخودی تۆیە، نەتۆش دەبیتە ئەو خودە بێ گەردە، تۆ هێندە قێزەون و بۆگەنیت، لەم پۆشاکە جوانەشدا خۆت بۆ حەشار نادرێت، تۆ لەخێڵی درۆیت... ئارامییەکی ئێجگار دژوار کەشی دانیشتنەکەی لەخۆگرتبوو، کەشێک مێشکەکانی هەپروون بەهەپروون دەکرد، بەئاشکرا ترس و دوودڵیت لەچاوەکانیدا دەدی... تەماشاکردنەکەی هێندەی تر نیگەرانی کردیت... ئارام بەرەوە هیچ مەترسە، جارێک سیخوڕێک ئەمەی پێ وتیت:



– هیچمان لەتۆ ناوێت. تەنها ئەم فایلە پڕ بکەرەوە و یەک دوو پرسیاری ئاساییت لێ دەکەین، بەڕاستی وەڵامان بەرەوە و خوات لەگەڵ.

– بڵێم چی؟

– دەستمان پێ کردەوە؟... چاک بزانە کەللەشەقی بەدەردت ناخوات.. ئەوەی هیلاکمان بکات، هیلاکی دەکەین، تۆش خۆت مەخەرە ژێر ڕەحمەتی شەقی ئێمە، پیاوانە وەڵام بەرەوە، ئەوساش تۆ ژیانت مسۆگەر دەکەیت، ئێمەش چیت بووێت بۆتی دەکەین.

بڵێیت چی... قسەکان لەسەر زاری یادەوەرییەکان توێژاڵیان بەستبوو... ئەو ساتە دژوارە تۆی لەنێوان مەرگ و ژیاندا هەڵواسی، لەو ساتەدا بوو تامی سەمای گەڵاکانی ئێوارانی شەقامە پانەکە تۆران و جارێکی تر نەگەڕانەوە... ئەو ساتە بوو تۆ مەرگی دەرەوەی خۆت تۆمار کرد... خودێکی گرگنت بۆ خۆت مسۆگەر کرد... ئەمڕۆش... زۆر جیاوازە... هەرگیز بنیادەمی وات نەدیوە، هەرگیز لەگەڵ شتی وا دزێو و ڕیشندا دانەنیشتوویت... ئەوەتا خۆت بانگی دەکەیت، لێی دەپاڕێیتەوە تاکو بیێتە هاوەڵی ئەم ئێوارە مردووەت. نیگاکانی سەر لێوت هیچ خۆشەویستییەکی تێدا نییە... بەڵام ئەو ژیان لەسیمای دەبارێت... نەتدەزانی ڕازی ئەم گرێ گەورەیە چییە و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەزەییت پێدا دەهاتەوە؟! یان دەتویست تەنهایی خۆت پڕ ژاوەژاو بکەیت... ڕەنگە ویستبێتت شێتییەتیی خۆت بدەیت بەو... تا ئەو دەمەش پەنجەکانی نەیانوێرا بوو یاری بەلێوی پەرداخەکە بکەن، دەستە ترسنۆکەکانی، قامچی مەرگ شیتاڵ شیتاڵی کردبوون، مەرگ لەودیوو پەرداخەکەوە مۆڕەی لێ دەکات... بەپەنجەی تاوان ئاماژەت بۆ کرد، ئەو پەنجەیەی یەکەم مۆری دۆڕاندنی نایە سەر پەڕەی تەمەنی بابردووت، ئەویش هێدی هێدی بێدەنگی پەرداخەکەی شڵەقاند... تاکو لێوە وشک هەڵهاتووەکانی پڕی کرد... بەڵام بەیەک کەڕەت گەیاندییە نێو ئەندێشەکانی... ئەمجارە بەپێچەوانەوەی یاساکانی سروشتەوە دروست

کردن خێراتر بوو لەڕوخاندن... دروست کردنی ئارامگای ساتە دژوارەکان، ساتەکانی پڕ نەعلەتی و تەفرەدان، کەمێک شیلاوی بەئاگایی بەدەمارەکانیدا گەڕا، ویستگەکانی خۆشەویستی بەسەر دەکردەوە، لای تۆ نەیدۆزیەوە... هەر لەبەرئەوە بەخێسەیەکەوە تەماشایەکی کردی... ڕەنگە تەماشای کاتژمێرە ئاڵتونییەکەی دەستتی کردبێت، ئەو قێزی لەهەموو شتە پاکەکان دەهاتەوە، دەیزانی نرخیان ژیانی خۆیەتی، بەهاکانی ئەم بفرۆشرێت دەکاتە تۆ، خەریک بوو کەلەت شەق دەبوو، لێوەکانی لەیەک نەدەترازان، دەبێت لەچی بترسیت؟ دانەکانی هێندە جوان نین... بەزۆر دەتدواند، نیگاکانت ڕەوانەی نەستی دەکرد، تا بتوانیت یەک ڕستەی لێ دەربهێنیت، ئەو تێک چوو، هێندەی زەبر خوارد یەک وشەی نەدرکاند... هەموو جەستەی بووە ئاسمانی زستانێکی دژوار لێوەکانی نەیاندا لەگرمەی هەورێکی باراناوی، چیدی بەرگە ناگریت... پێی بڵێ کەم ئازارت بدات... ئەم بێدەنگییە مانای بەنەفرەت بوونی تۆیە، ئاماژەیەکە بۆ مەرگە یەک بەدوایەکەکانی نێو دەروونت... دووسات یەکانگیری یەک شوێن بوون بەهەردوو دەستت کاسەی سەرت گرت، نەکا بفڕێت...

– "قسە بکە، بێدەنگی فریات ناکەوێت... کوڕی سەگ، ئەو دیوارە بیت دەتهێنمە قسە، ناهێڵم ببیتە پاڵەوان، کێو بیت هەرەست پێ دێنم، هەر قسە دەکەیت ئەوساش سزای خۆت وەردەگریت، لای ئێمە بەس مردوو دەتوانێت بەرەنگارمان بێتەوە".

بەکاوەخۆ سەرت دابەزاندە سەر مێزەکەی بەردەمت، ساتێک لەئەندێشە دژوارەکان خۆت دوورخستەوە... بەڵام زۆر بەبێزارییەوە و، بەئازارێکی پڕ حەسرەتەوە لێوەکانت ماچی دوو وشەی کرد و گرتتە ئەو.

– دە قسە بکە دڵم تەقی.

شانێکی هەڵتەکاند بەلەنجەی پەنجە زەردەکانی پێی گوتیت، من هیچم پێ نییە، گەر تۆ بابەتێک دەزانیت با قسەی لەسەر بکەین... بەناچاری بۆ



تێکشکاندنی وەهمی بێدەنگی داوات لێ کرد گۆرانییەک بڵێت، گیانی بوونە ژیلەمۆی قین، بیرت چوو کەئەو سوێندی خورادووە هەرگیز گۆرانی نەڵێت، خۆت دەزانیت ئەو بەگاڵتە قین دەیگرێت، پەشیمان بوویتەوە، چاوەکانت لێکنا... بەچرپە وەک ئەوەی گاڵتە بەهێمنی هۆڵەکە بکات وتی:

– حەزت لێیە پارچە شیعرێکی کورتت بۆ بخوێنمەوە؟ کەمێک تێڕوانینت گۆڕا، چاوەکانت مۆڵەقەی پێ کەوت... لەخۆت پرسی تۆ بڵێی ڕاست بکات؟... سەرسامییەکی قورس جەستەی داگرتی، تۆ بەئومێد نەبوویت قسە بکات... ئێستا پێشنیاری هەیە... شیعر لای تۆ کارێکی شێتانەیە، کات بەسەربردنێکی بێ هودەیە، لەدێر زەمانەوە ئەم قسەیە لای تۆ بووەتە وتەیەکی بەڵگەنەویست کەبەتاڵی لەشیعر باشترە، ئێ خۆ ئەویش شێتە چی تێدایە، شیعر و شێتی دوو حاڵەتی هاوجووتن، گرنگ نییە، هەر هێندەت مەبەست بوو بێتە زمان، خودە چارەڕەشە ڕیشهاتووەکەی بەرامبەر، ئەوەی هێندەی تێی ڕامایت خەریک بوو نیگاتان ببنە یەک، ئەم سیما دزێوە زۆر لەیەکێ دەچێت تۆ دەیناسیت و زۆر لەڕۆحتەوە نزیکە، کت و مت لەتۆ دەچێت، بەڵام تۆش نیت.

سەرەتا خولیای قسەکردن بوو بەگرفتێک کە بەئامان و زەمان دەرگاکانی نەدەکرانەوە، ئێستاش گوێ گرتن یان خۆئامادەکردن بۆ گوێ گرتن بووەتە دژوارترین ساتی پڕ ئەندێشەی حەزەکانت، ئەوکاتانەی مەلی نێو دارستانەکە بەرەو کەناری ئاوەکە مل دەنێن تۆ لەوکاتەدا بیر لەدۆڕاندنی ڕەها دەکەیتەوە، چیدی کات بەفیڕۆ مەدە... گوێ لەهۆنراوە شێتانەکەی بگرە... گرنگ نییە بەڕاستی گوێ دەگریت یان نا، وشەکانت لا جوانە یا ناشیرین، بەڵکوو لەمیانی دەنگەکەیەوە بتوانیت ئەو خودە نامۆ شێتە بناسیتەوە، لێوەکانی لەیەک ترازان، دەنگێکی گڕ وەک ئەوەی خۆت، کەشی بێدەنگی ژوورەکەی تۆراند، لەسەرەتاوە زۆر گوێت بەوشەکانی نەدەدا... تەنها گوێت بەشەپۆلی دەنگەکە دەدا... لەسەرخۆ وشەکانی بەدوای

یەکدا ڕاو دەنا، ئەمی پاڵ پێوە دەنا بۆ دەرەوەی خودی خۆی، بەڵام کێ هەیە لەپەنهانی ئەو وشە شێتانە بگات... سەرەتای قەسیدەکە لەخواردنەوەی سەرابێک دەچوو، ئەو سەرابەی ساڵانێکە بووەتە مۆتەکەی ژیانت، ڕۆژە تاڵەکانی نێو کۆڵانی سەرکێشی یارییان بەوشەکان دەکرد... زۆرت لا سەیر بوو، لەسەرەتاوە وات دەزانی ژیاننامەی پەیامبەرێکی نورانی دەخوێنێتەوە، بەڵام کە گەیشتە نێوەندی قەسیدەکە، تاریکاییەک دنیای هۆڵ و چاو و ئاسمانی تەنی، ناوەڕاستی قەسیدەکە تاریکستانی نێو بیابانێک بوو. هەڵاتن لەو ساتە پڕ لەژاوەژاوە زۆر زەحمەت بوو، قەسیدەکە ڕیتمی خۆی ڕاگرت، لەنگەری ئەندێشەکانی تۆی ڕاگرت و لەبەندەری کۆیلایەتیدا پاپۆڕی تەمەنتی ڕاگرت، چاوەکانت ئەبلەق بوون نەبەلای چەپدا نە بەلای ڕاستدا نەیانئەوێرا بڕوانن، دیار بوو قەسیدەکە باسی دۆڕانی موتڵەقی لەخۆ گرتبوو...

قەسیدەکە ڕۆژەکانی تۆی وەک تۆ دەنەخشاند و لەنێو ئاوازێکی پڕ ئازاردا یاری بەجەستەی وشە دەکرد، ڕوخسارت ئێجگار تێک چوو، سیمات بووە شاشەی سینەما، شاشەی یادگارییەکان، ئەو یادگارییانەی ساڵەهای ساڵە لەخۆتی دوور دەخەیتەوە و لەکۆڵت نابنەوە، وشەکانی سەرلێوی ئەو نەبوونە وێنەی ڕابردووی پڕ ئازارت، کاتێکیش بەرەو کۆتایی قەسیدەکە ملی دەنا، هەناسەت سوار بوو، نەتدەوێرا فزە بکەیت، زارەترەک ببووی، چیدی و لەوەندە زیاتر نەتوێرا یان نەتووسیت گوێت لەو وشە پڕ ئازارانە بێت، شێتێک هەموو شتێکی لێ چاوەڕێ دەکرێ، بەڵام ئاوا حوکمی مەرگی تۆ دەربکات، یان هەوڵبدات بەرەو لێواری خۆکوشتن ڕاپێچت بکات، سەیرە دەمێکە وازت لەو خەیاڵە کرچۆکە هێناوە، چونکە دەمێکە گەیشتوویتە ئەو باوەڕەی خۆکوشتن کاری مرۆڤی ئازایە، تۆی ترسنۆک لەسەمای وشە، لەشنەی بای پایزان، ئەوکاتەی گەڵا گسک دەدات، لە کپیی بەفربارین دەترسیت. چونکە ئەم شتانە چەندین یادگاریی



ژیانی پڕ سەرفرازییان تێدایە، ئەمێستا، تۆ لەجیهانی یادگارە دزێوەکاندا دەژیت نەک یادگارە جوانەکان... هاژە هاژێک مێشکتی داگرت... گوێکانت هیچیان نەدەبیست... کەمێک کاسەی سەرت نایە نێو لەپی دەستت، بەرامبەرەکەت حەپەسا و بەزمانێکی پڕ میهرەوە وتی:

– ئەوە چییە سەرت ئێشێت؟ خۆ ناڕەحەتم نەکردویت؟!

لەو ساتەدا نەتزانی چی وەڵام بدەیتەوە، هەر هێندە نەبێت، خۆت ڕاست کردەوە و ملت نایە سەر تیرگەی کورسییەکەی ژێرت و کەمێک لەخۆت ڕامایت، بەڵام هیچت بۆ دەستگیر نەبوو، ناچار گەڕایتییەوە سەر مێزی خواردنەوەکە... یەکەمجارە لەهەموو ژیانتدا شیعر بتوانێت داگیرت بکات، چونکە شیعر لەودیو مەودای گەردوونی تۆوە یاری دەکات، چەند جار لە ڕادیۆکەوە گوێت لەهۆنراوە گرتووە، بەڵام یەک زەڕە کاریان لێ نەکردوویت، جوانی کار لەتێڕامان و ئەندێشەی تۆ ناکات، سیما جوانەکانی ئەودیوو دارستانی چاوەڕوانی، ئەو ساتانەی گەنجەکان کیژۆڵەکان بەرەو نێو دارستانەکان دەبەن، تۆ حەز دەکەیت ژوانیان لێ تێک بدەیت، نەخوازەڵڵا هۆنراوەیەک باسی ئەو هێلانەیە بکات. ئەو هێلانەیەی یاری حەرامی تێدا دەکرێت، ئەمجارە قەسیدەیەک داگیری کردیت... بەدەست خۆت نەبوو، زۆرت حەز دەکرد بۆ جارێکی تر گوێ لەو دەنگە پڕ نهێنییەی ئەو بگریت... بەڵام ترسایت ئەگەر داوای لێ بکەیت جارێکی تر ئەو وشە ساکارانەت بۆ بڵێتەوە، لەمەبەستت نەگات و زویر ببێت، چۆن دەتەوێت تێتبگات، تۆیەک هەرگیز وشە جوانەکان کارت تێ ناکەن، ئێستا دەتەوێت دووجار گوێ لەناسۆری وشە سەماکەرەکان بگریت، نەکەی داوای لێ بکەیت، بەڵکوو لەئەنجامی گفتوگۆیەک یان ئاخاوتنێکی درێژدا بگەیتە ئەو داوایە... نا... نا... بڕوا مەکە ئەمجارە هاوکاریت بکات و ئەو حەزەت بهێنێتە دی... ئەو وەک تۆ نییە، بەیەک هەڕەشەی میرغەزەبێک ژیانێک سەرەوژێر بکاتەوە "ئاخر گەر وام نەکردایە وەک ئەوم لێ دەهات، دەبوایە

لە شەقامەکاندا بەدوای نانی کە ڕوواویدا خول بخۆم. بەڵام... بەڵام... بەڵام چی؟! هیچ نەبێت ئەو ئێستا جوانی دەناسێت، پەنجەی جوانی بۆ ڕادەکێشن، با لەسەر نوێلکیشدا بخەوێت، میرغەزەب ڕۆژێک لە تۆش تووڕە دەبێت و وەک ئەوت لێ دەکات... وتە دژوارەکانی ساتی پێش ناشیرین ناسینت لەیادە.

– "بۆ وا هیلاکمان دەکەیت ئێمە دەزانین تۆ هیچت نەکردووە، بەڵام یاسا ئەمە نازانێت، هەر دەبێت پڕی بکەیتەوە، پەیمان بێت بەس کەمێک هاوکاریمان بکە چیت بوێ بۆتی دەکەین".

داوات لێ کرد پاشماوەی پەرداخە بیرەکە هەڵبدات، بەڵام بەچاوێکی پڕ سەرسامییەوە تەماشای کەفی نێو پەرداخەکەی تۆی دەکرد، ئەو ساتەی بیر هاتەوە لەژێر ئازاری ئەشکەنجەداندا دەمی کەفی دەچڕی، یەک فرمێسکی بچووک هێندەی زەنگیانەیەک لەنێو دەریای مەنگی چاوەکانییەوە هاتە خوار، بەفرسەتت زانی، زارت کردووەو هاوارت لێ کرد.

– ڕێبوارە ماندووەکە، ئەی دەروێشی عەشقی هەقیقەت، بۆ چاوە جوانەکانی ژیانی پڕ پەنهانیت ئەو قەسیدەیەم بۆ دووبارە بکەرەوە.

بەڵام ئەو زۆر بێ باکانە دەستی نایە ژێرچەنەی و بۆ ساتێکی درێژ بەبێدەنگی تەماشای کردی و ورد ورد جەستەی دەخواردیت. بەهێمنی و لەسەرخۆ، هێشتا چەنەی لەسەر لەپی دەستی دانا بوو وتی:

– ئەی تۆ هیچ شیعرێک نازانیت؟

هێندە بەئاسانی ئەو ڕستەیەی لەزار هاتەدەر، وەک مامۆستایەک قوتابیەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی تاقی بکاتەوە، بەقوڵاییە دوورەکانی ئەندێشەتدا چوویتە خوارێ، لەنێو سەرابی ڕابردوودا تێر تێر پیاسەت کرد، دارە ڕووتەکانی تەمەنت ئاودا، بەڵام لەهیچ شوێنێک وشەیەکی پڕ لەزەتت چنگ نەکەوت، دەستەواژەیەکی جوانت نەدۆزیەوە، ناچار خۆت دایە دەست



قەدەری نەزانین، چونکە تۆ لەوانە نەبوویت کە شیعر وەک ئاوی ژیان دەخۆنەوە، خەونەکانیان پڕن لەشیعری ڕۆمانسی، دەگرە هەندێک جار تاڕادەی قۆشمەبازی یاریت بەهەستی ناسکی شعر ئەکرد، بەڵام ئەمڕۆ گەمارۆ دراویت، شیعر ناخی داگیر کردوویت، لەکۆڵت نابێتەوە، بێدەنگییە دوورەکانی دەروونت دەقیڕێنن و کەس گوێی لەدەنگیان نییە، هاوار دەکەن و کەس دڵی پێیان ناسوتێت، نەتئەزانی چ ئەفسونێک بوو ئاوا پەلکێشی ئەم دەریا پڕ خەمەی کردیت، ئایا کاریگەریی مەیەکە بوو، یان سەمای وشەکان، چەندەها جار تاڕادەی مڕبوون خۆت مەست کردووە، بەڵام هیچ جارێک وەک ئەم جارە ناخت قورس نەبووە، زمانی ناوەوەت ئاوا لاڵ نەبووە... ئەندێشە سەر شێتەکانت تەرمی ناشیرینیان بەرەو ئاسمانی دوور دەبرد، لەوێ لەبەر حەشاماتێکی زۆر کە هەموویان ڕووت بوون وەک یەکەم ساتی لەدایک بوون بەهەموو گەرووت هاوارت دەکرد و بەبەسۆزترین دەنگ، قەسیدەی شێتەکەت دووبارە دەکردەوە، حەشامات سەرسوڕماو وەک خۆت تەماشایان دەکردیت، وشەکانت وەک لێوەکانی ئەو دەدرکاند، خۆت نەبوویت، ئەو بوو لە ڕۆحی تۆدا... تۆ قسەت دەکرد و ئەوان گوێیان دەگرت... کەوتنە خوارەوەی پەرداخەکەی بەردەمت تەرمە ناشیرینەکەی هەمدیس فڕێ دایەوە نێو ناخت، شکانی پەرداخەکە سەرەتای شکاندنی ناخە ناشرینەکەتە، بەردەبازێکە بۆ گەڕانەوە، بەڵام بۆ کوێ، چاوێکت هەڵبڕی، هێشتا لەو بەرتەوە هەڵتروشکاوە... چاوەکانی یەک لەسەر یەک دەتروکاند نەکا نهێنی ژیانی شێتانەی بکەوێتە سەر شەقام و ئەمجارەش بەردەستی سیخوڕێک بکەوێت و ڕاپۆرتێکی لێ بدات...

نەتزانی چی وەڵام بدەیتەوە، ترسایت... لەوە زیاتر ترسایت کە بزانێت شیعر لای تۆ ئەو دنیا ناشیرینەیە کەمانایەکی ژمێریاریی هەیە... یان لەزویر بوونی ترسایت، نەکا لەناکاو لە گێژاوی ئەم ونبوونە ورد و خاشکەرەدا جێتبهێڵێت و ڕەوانەی دۆزەخی تەنهایت بکات... یان لەنێو

شەقامە چۆڵەکانی بیرەوەرییەکانتدا جێت بهێڵێت و تاریکی گەمە بەسێبەرە دزێوەکەت بکات... ناچار وەک سەراپای ژیانت درۆیەکت بۆ چنی و فڕێت دایە بەردەمی:

– من زیاتر حەزم لەگۆرانییە.

– دە باشە بەدەنگێکی نزم گۆرانییەکم بۆ بڵێ.

وشەکانی سەرلێوی ئاماژەی ترسێکی گەورە بوون، بۆ یەک سات چییە نەتوانی خۆت لەو شڵەژانە ڕزگار بکەیت، حەزت نەکرد چاوەکانت ترسنۆکیی تەمەنی درێژی مێژووتان ببینێت، خێرا خۆت کۆکردەوە... بەئاوازێکی هێمن، زۆر هێمنتر لەقامچی میرغەزەبەکەی باڵەخانە سوورەکە... گۆرانیت دەوت... گۆرانییەک کەخۆت یەکەمجار بوو گوێت لەوشەکانی بێت، وشەکانی زیاتر لەهۆنراوەکەی ئەوەوە نزیک بوو، بەڵام هەرگیز لەوێنە ئاوێنەییەکانی ئەو نەدەچوو... ناچار زۆر بەزوویی گۆرانییەکەت بڕیەوە...

بزەیەک سەر لێوەکانی گرت، دیار بوو هەستی بەشڵەژانی تۆ کردبوو، بزەی سەرلێوەکانی زۆر ساردبوو، لەوە نەدەچوو بۆ تۆ بێت، بەهێورییەکەوە دەستی برد بۆ پێڵاوەکانی و هەڵیکێشا، بێ چرپە هەستا بڕوات... تەنها یەک نیگای پڕ سەرزەنشتیی تێ گرتیت... ویستت دابنیشێتەوە، بەڵام... یەک پاڵی پێوەنایت لەسەر کورسییەکەت وەک خۆت داینیشاندیتەوە، خستیتییەوە نێو دنیای درۆکەی خۆت، چەند بێزار بوویت، لەچی هەڵبێیت، چۆن خۆت لەو دێوەزمەیە قوتار بکەیت...

پاڵەکەی هێندە سوک بوو، نەئازاری دایت نەبەخۆت زانی.... پرسیاری ناوونیشانت لێ کرد... زۆر بەپەلە لەناخەوە دەنگێک هاواری لێ کردیت" مەپرسە، خۆت ناوونیشانی باش دەزانیت، ئەو لەو جێگەیەیە کەتۆی لێ دانیشتوویت، لێی نووستوویت، لێی دەژیت و دەمریت... مەپرسە... پرسیاری ناوێت. "شەقامەکان قێز لەسیما دزێوەکانی ئێوە دەکەنەوە،



بەناچاری هەڵتان دەگرن، بەڵام سوێندیان خواردووە خوێنتان بکەنە زێرابی قەراخ شۆستەیەکەوە... ئەو بەنێو هەڵپەڕکێی هەردوو ڕیزەدارەکەی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەدا کەوتەڕێ؟

تۆش لەگەڵ ڕۆحیدا ئاوێزان ببوویت... لێرە دانیشتوویت، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا لەسەر پردەکەوە بەرەو باوەشی شەقامە بێ ماڵەکان ڕێگەی نامۆیی و شێتێتی دەبڕی.

هێشتا شێواوی ناو ئاوێنەکە یەکی نەگرتبووەوە، وێنە پارچە پارچە بووەکەی تۆی لەئامێز گرتبوو. خۆت شکاندت، پەرتت کردن... بەوردی تەماشای هێڵە سوورەکانی سەر دەستت کرد، ئاماژەی ژیانێکی نهێنی بوون... هەستێکی نامۆ سەرەپای داگیر کردیت... نەتدەزانی کام ناکۆتا چاوشارکێ لەگەڵ ساتە قورسەکانتدا دەکات، هێندەی نەبرد کەوتیتە خوێندەوەی هێڵەکانی دەستت، ئەمەیان ئاماژەیە بۆ دۆڕاندن، لێرەوە دەگەیتە نێو سەرابی ژیانێک کە وەک هات و نەهات وایە، جولەی ئەم هێڵە سوورە مانای زیندووبوونی ڕۆحی پاکە. بورجەکەشت لەفەریکەوە نزیکە، بەڵام بەشاخدا هەڵدەگەڕێیت...، ئەوانی تر هەموو دەتگەیەننە یەک خاڵ ئەویش دۆزەخی دۆڕاوی ئێستایە و، هیچ شتێک نییە شادمانت بکەن، ئەمجارە ویستت هێڵە سوورە مەییوەکان ئاڵ و وێری پێ بکەیت، بیگۆڕیتەوە بەکۆمەڵێک کەشی جوان... تا هێزت تێدا بوو مستێکی ترت کێشا بەئاوێنەکەی بەردەمتدا... ورد و خاشت کرد، پارچەکان بۆ نێو ئامێزی دەستشۆرەکە ملیاننا، تا لەوێ دوا باوەشی مەرگ بدۆزنەوە و لەگەڵ پێکێ خوێنی دەستتدا سەرخۆش بن و شۆردنەوەش بەئاگایان نەهێنێت. ئەمجارە تەماشای هێڵەکانت کردەوە، هەموویان گۆڕابوون، کەوتبوونە ئەودیو زەمەنی گەردوونەوە... لەم ساتەدا ترس گەیشتە نێو دۆزەخی ئەفسانەکان، چیدی ترسنۆکی نابێتە پێناسەی کابرا ورگنەکەی ئەودیوی ئاوێنە شکاوەکە... ئەمجارە هێڵەکان گەشبوون، پڕ بوون لەشادی،

یەکێکیان بەڕێگەی کاکێشاندا شادمانی بەقاچاخ دەگواستەوە بۆ سەر پشتی ورچی گەروە، لەوێشەوە بۆ نێو پێخەفە ساردە ناوازەکانی شار، ئەو شارەی سالاّنێکە بزەکانی لێ دزراوە و لە چوارچێوەیەکدا خراوەتە سەر وێنەی دێوەزمەیەک، هەندێک جار بزە دزراوەکان دەفرۆشن بەمەملەکەتەکەی ئەولاتانەوە، چونکە لەوێ هەموو شتێک قاچاخە تەنانەت مووی بزنیش، چونکە قژی داهێنراوی کیژە سرکەکان دەخاتەوە بیری خەفەبووەکان، لای ئەم شادمانیی نێو کۆلاّنە کۆنەکانی شار، بووەتە مەنزلّگای قێزەونەکان، لێرە ماچ و پێکەنین ڕاودەکرێن، هەر لەبەرئەوەشە تۆ بەدزی و دۆڕاوییەوە ژیانت درێژە پێدەدەیت. کات خۆی بەرەو لای نیوەڕۆ پەلکێش دەکات... لەناکاو ڕاچەنیت، دەستت دایە تەلەفۆنەکە، لەسەرخۆ ژمارەکانت دوای یەک خست، ئەمڕۆ پێویستت بەمۆلّەتە، دەستت بریندارە، لەبیرت چوو بیپێچیت. ئەوبەری تەلەفۆنەکە وەلاّمی دایەوە:

– "فەرموو... کێ قسە دەکات، ئەلو"

لەبیر خۆت چوویتەوە، تەلەفۆنەکەت بەکراوەیی بەجێ هێشت، کابرای ئەوبەر هەر قسەی دەکرد... بەپەلە لەپی دەستت پێچاو لەنێو برینپێچێکی سپیدا گۆرانی سەرکەوتنی بۆ نێو ئاسمانی بێ شەڕ و دوکەلّ تۆمار کرد و لەنێو گوێیە کەڕەکانی شاردا پەخشی دەکردەوە... دەتویست خۆت بەکارێکەوە خەریک بکەیت سەرەتا خۆت لەبیر بەریتەوە و خۆت لەم بارە قێزەونە ڕزگار بکەیت، تا وێنە دزێوەکانی سەر مێزەکە لەیادگارییەکاندا ون بکەیت... چەند شەوێکە تا بەیانی تۆ و جگەرە یەک ئەوی ترتان دەسوتێنن و تەواو نابن، ملیۆنەها ئەستێرە لای لایەت بۆ دەکەن و خەوت لێ ناکەوێت بێداری مێشکی هەراسان کردوویت، شەونخوونی بەدیار لاشەی خەمەوە تێر گریانی کردیت، ئەم لاشە پیرە قرخنە نامرێت و سروودی مەرگی خەمەکانی بۆ بچڕیت؛ تا هەتا هەتایە نەگەڕێتەوە بۆ نێو دنیای چاوەڕوانیت... بیرت لەسەردان کردەوە، سەردانی مەزاری ئاژەلّەکان



یان پارکی دیلی یاخود فرۆشگای خەمە کۆنەکان، یان... یان... سەردانی کێ دەکەیت هەموویان بۆ تۆ دوژمنێکن ڕۆژانە گریانت پێ دەفرۆشن... لەبیر خۆت چوویتەوە، بەدوای وەلاّمێکدا دەگەڕایت... بەلاّم تۆ زەمەنێکە تاقەتی ئەمەشت نەماوە... لەگەلّ زرنگەی گۆرانی نێو ڕادیۆکەدا، ئاوازە خەمناکە پڕ یادگارییەکەی دوێنێت بیر کەوتەوە... بەپەلە بەخۆدا هاتیتەوە...

پێلاّوەکانت بێ گۆرەوی کردە سەرپێ و بەرەو ئامێزی شەقامە قەرەباڵغەکان ڕاتکرد، جار ناجارێک ئاوڕێکت لەم لاو ئەولای خۆت دەدایەوە و ئەم سیمات دەپشکنی، چاوت دەبڕییە ئەو نیگا، بەلاّم هیچیان ئەو نەبوون... بەهەلّەداوان خۆت گەیاندە سەر شەقامە گشتییەکە... چویتەوە هەر هەمان جێگای دوێنێ و ڕۆژانی ڕابردووت و لەسەر هەمان کورسی و مێز ئامبازی یادگارییەکانت بوویتەوە... چاوەڕێ بوویت، وەک قاژوو چاوەڕێی کۆچی وادەیە، یان ماسی کاتێک تەماشای سیمای کەمبوونەوەی ئاو دەکات و چاوەڕێی مەرگە... تۆش بەو ئەندازەیە چاوەڕوانی بڕستی لێ بڕیبوویت... بروسکەیەک لەمێشکتدا ئاماژەی بۆ دارستانەکەی لای سەرووی میوانخانەکە کرد... هێشتا دەمت لەخواردنەوەکە نەدابوو، بەرەو نێو قولاّیی باسکی خوارەوەی درەختەکان خۆت کوتا تابگەیتە باوەشی ئارامی و ، لەنێو چاوە هێمنەکانیدا مەلە بکەیت، دوا ساتی لێکترازانی مالّئاوایت هاتەوە یاد، لەوە دەچوو بۆ ئەبەد لێت زوویر بووبێت... بەڕاکردنێکی سووک لاسکەکانت دەجولاّندەوە سەمای گەڕانی سەرابی و بالّەفڕەی لاسکە یەک سالّەکانی درەختی دارستانەکە هەموو خولیایەکیان داگیرکردیت، چاوەکانت بۆ ئان و سات خافلّ نەدەبوون، لەم ڕاکردنەتدا بوویتە هۆی تۆرانی چەندەها مەل و، ژوانت لەچەندەها چۆلەکە و بالّندە تێکدا... جریوە و فڕینی بالّندەکان هێندەی تر سەرسامیان کردیت... دوا هەنگاو، وەک پەیکەر لەجێگەی خۆت چەقیت و کوندەپەپوویەک هێندەی بەرخێک لەبەردەمتدا لەسەر چلّی دارییەک هەلّتوتکا بوو، بومەی

دەهات... یەک پارچە بویتە خەمێکی سارد، چاوەکانت پڕ بوون لەئاو.

خۆ ئەمیش پێشبینی بێوەژنە قاوە گرەوەکە نییە...

"تۆ باڵندەیەک دەبێتە میوانی دوا ساتی ژیانت"، ئەم نەگبەتییە لەکوێوە پەیدا بوو، جۆگە بچووکەکەت بڕی و پەڕیتەوە ئەوبەر، ئەوبەری لەهەموو شتێکدا جیا، جیا لەڕووناکی، لەدار، لەئاسۆ جوانەکانی پاش یەکەم جریوەی چۆلەکە... لەناکاو شێت ئاسا کەوتیتە هاوار کردن.

– هۆ کابرا نامۆکە، ئەی جانەوەرەکەی شادمانیم، لێرەوە تێدەپەڕم چاوەڕوانم کە، دەمێکە بۆسەی ژوانێک یەخەم پێدەگرێت، نەکەی لەچاوانم ون بیت، ئێستا سەراپای هۆنراوەکەم لەبەرە...

بەڵام کەویستت ناوی بهێنیت... نەتزانی ناوی چییە؟ زۆر بیرت کردەوە، زۆرجاریش ناوی خۆی پێ گوتویت، زۆرجار یاری بەوشەکانی خۆشەویستی کردووە و ڕیزی کردوون تاکو ناوی فێر بێت، بەناچاری ناوی خۆتت لێ نا، چونکە لەخۆت دەچوو، لەو مرۆڤە دەچوو لەسەدەی پێش دۆڕانی گەورەدا هاوڕێت بوو، یان هەر خۆت بوو. هەمدیس دەستت کردەوە بەگۆرانی چڕین، لەترساندا نەت دەزانی چی بکەیت... گۆرانییەکەی جاری پێشووت دووبارە کردەوە... تا هێزت تیادا بوو گۆرانیت دەوت... لەژیانتدا تووشی حاڵەتی وا سەیر و نامۆ نەبوویت. زۆر بەنائاسایی چاوت گێژ دەدا، بەنیگای پڕ لەحەسرەتی بینینەوە ماچی دار و بەردی دارستانەکەت دەکرد و لێیان دەپاڕایتەوە، تا شوێنەکەیت نیشان بدەن... کوکوختییەک لەو ترسە سامناکە بەئاگای هێنایت، دیار بوو دەیزانی جێگەی ئەو لەکوێیە... قرچە قرچی شکاندنی چڵ و چێوەکان لەدوورەوە دەهات، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەنگی تەقەیەک دەهاتە گوێت، تەک، تەک، تەک، هاوارت کرد:

– کێی، تۆ کێی، وەڵام بەرەوە ئەگینا ئەتکوژم بەپەلە دەستت برد بۆ بەرکەمەرت، دەستەکانت گیرا، هیچی تێدا نەبوو، ئەوکات لەترسی پێشبینیی قاوەگرەوەکە نەتزانی چی بکەیت بڕوات نەدەکرد بەو ئاسانییە



دەمانچەکەت لەبیر بچێت، چونکە تەنانەت سێبەرەکەی خۆشت دوژمنت بوو... بەرەو لای تۆ دەهات لەترساندا خۆت نووساندە قەدی دارێک، نەتدەوێرا بەئامان و زەمانی لێی دووربکەویتەوە، زارەتەرک ببویت، چیت لێ دەکات نا. نا... ناتکوژێت... مەترسە، کوشتنی تۆ ناکاتە هیچ، یان تۆڵەت لێ دەکاتەوە یان لێت خۆش دەبێت...، لەدوورەوە چیلکەکەی دەستی دەرکەوت. ئەو چیلکەیەی وەک ڕێنماکەری خۆی بەکاری دەهێنا... زۆر بەخاوی ڕێگەی دەبڕی هیچ پەلەی نەبوو... لەناکاو سیما چلکنەکەی دەرکەوت، کت و مت خۆت بوویت یان ئەو بوو... دەستە سرکەکانی نابووە سەر دەمی و ڕیشی پاک دەکردەوە و وەک زاهیدێک لەتافی ئەشقی ونبوودا تەماشای دەکردیت... چاوە تەریوەکانی لەسەر پێڵاوەکەت نیشتەوە، دیار بوو، هەستی بەپەشۆکاوی تۆ کردبوو. برۆکانی هێنایەوە یەک، سیلەی لەترسەکانی تۆ گرتەوە، دەیزانی ئەهریمەنی تۆقیوو لەچاوەکانی تۆدا بارەگای خستووە، بەنیگا پڕ لەگومانەکانی هاواری لێ کردیت و لەناخیدا ئەم دێڕەی بۆ خوێندیتەوە "لێرەش وازمان لێناهێنن؟! سەرلێشێواو بەدوای چیدا وێڵیت و بۆ کام پارچەی ونبووت دەگەڕێیت، کەی دەستبەردارمان دەبن ساتێ دوور لەدۆزەخی پڕ تەڵەکەی ئێوە بەئاسودەیی بژین.

بەهێوری لێت نزیک کەوتەوە و بەچرپە پێی گوتیت:

– ئەمڕۆش هەمان گۆرانییەکەی دوێنێت دووبارە کردەوە، تۆ بەمە نابیتە من...

– ویستم سۆراخت بکەم. بەڵام نەمزانی چۆن... ناوەکەتم لەبیرچوو بووەوە.

بەسەرلەقاندنێک پێی گوتی دوام بکەوە... لەسەرخۆ لەدوایەوە ڕۆیشتی... پێڵاوەکانت هەڵکێشایە نێو قاچە بێ گۆرەوییەکانت... کەمێک لێت دوور کەوتەوە، هاوارت لێ کرد، ئاوڕی نەدایەوە بەڕاکردن دوای

کەوتیت... هەناسەت لێ بڕا، بەنێو چڕیی دارستانەکەدا پەلکێشی کردیت... تۆ حەوسەڵەی ئەو هەموو ڕۆیشتنەت نەبوو... بەڵام بەناچاری دوای کەوتیت... لەدارستانەکە بەدەرکەوتن و بەرەو قوڵایی شەقامە پانەکان ملتان نا، لەوێوە چەندێکی تر ڕێگەتان بڕی، تاکوتەرا دار و درەختتان دەهاتە ڕێگا، شوێنەکە لەزۆنگاوێکی وشکەوەبوو دەچوو، لەدوورەوە پەیژەیەکت هاتە پێش چاو کە بەرەو هەور ئاڕاستە کرابوو، پەیژەیەکی ئەفسانەیی... بۆ گەیشتن بەکۆشکی بەفرینی ئەودیوو هەورەکان... لەبەردەم پەیژەکەدا ئێستێکتان کرد و بەفەرمانێکەوە پێی گوتیت:

– فەرموو!

تۆش بێ پرسیار سواری پەیژەکە بوویت و کەوتیتە ڕێ بڕین... بەرە بەرە لەزەوی دوور دەکەوتیتەوە، پلەکانت بەشەقاوی خێرا دەبڕی. بەخۆت دەگوت "چی ماوە لەدەستی بدەم؟ من هەموو شتێکم لەدەستداوە، تەنانەت خودی خۆشم، لێرەوە بەرەو سڵاوی ئەستێرەکان مل دەنێم، دەچم دەست لەباڵی هەڵۆکان دەدەم و لەچاوی ئەوانەوە تەماشای وردوخاشبوونی بێدەنگی دەکەم".

هەر بەرز دەبوویتەوە و نەدەگەیشتیتە دوا پلەی پەیژەکە، هەر دەڕۆشتیت و چاوت زیاتر کۆتایی لێ دوور دەکەوتەوە. دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر هیلاک بوویت، قاچەکانت شەکەت بوون، وەنەز دەیبردیتەوە و ڕەشەبا ساردەکانی نێو ئاسمانی دوور دەم و لێویان دەتەزانیت، قسەکانت لەسەر لێوە شینهەڵگەڕاوەکانت لەسەرمادا دەیبەستن، شل بوویت، دەستەکانت خۆیان بۆ نەگیرا، لاقەکانت چۆکیان دادا، هەر هێندەت ئاگایی لێ بوو، بەربوویتە خوارێ، لەنێو هەوادا مەلەت دەکرد... ئاگات لێ بوو لەو بەرزییە زۆرەوە بەرەو گەرووی زەوی ملت دەنا.

***



سبەینێ زوو شار هەواڵی تێدا بڵاوبوەوە، ئاژانسەکان هەموو هەواڵەکەیان بیست، پۆلیسی نهێنی ڕاپۆرتی خۆی گەیاندە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگری... کابرایەک لەنهۆمی پانزەی نێو میوانخانەی شارەوە خۆی فڕێ داوەتە خوارێ، بەپێی ڕاپۆرتەکان خۆکوشتنێکی تەواوە، دوای لێکۆڵینەوەی ورد دەرکەوت یەکێک لەو جمکە بووە کە... خەڵکی شاریش هەموو ڕایانگەیاند کە شێتە جوانەکەی شار بۆ ئەوەی پاڵەوانییەتەکەی تاسەر بێت، لە کەشێکی پیرۆزدا، پاش خۆشۆردن و ڕیش تاشین جوانترین جلی خۆی لەبەر کردووە و پاشان خۆی کوشتووە.

بەڵام باخەوانە حەکیمەکەی شار سوێندی دەخوارد کە هەر ڕۆژی دوێنێ بەچاوانی خۆی شێتە پیرۆزەکەی شاری بینیوە لەدارستانەکەوە بەکۆڵێکەوە بەرەو ئەودیو سنوورە داخراوەکانی مەملەکەت ڕۆشتووە.

لەو ڕۆژەوە کەس ئەو جمکەی نەدییەوە و هەواڵیان ونبوو.

١٩٩٧/٨/١٠.

# چاوەکانم بەرەو لای دارستانەکە دەفڕن

نەتدەزانی چ قەدەرێک تۆی گەیاندۆتە ئێرە، مەرگ لە هەموو لایەک پرسیاری دەکرد، تەماشای قەدی کام دارە دەکەیت؟ دارستانەکە سەراپای لەسوریی ئێوارەدا نوقم بووە... لەدورەوە چاوت لێیە کابرایەکی زەبەلاح پرچی ژاڵەی گرتووە و بەرەو لای تۆی بەکێش دەکات، چەقۆیەکی دەسک شاخی بەدەستەوەیە کە وەکو کافور سپی دەچێتەوە... لەبن هەر دارێکدا دەوەستێت و بەخوێن ساردییەکی سەیرەوە پارچەیەک لەجەستەی ژاڵە دەبڕێت و بەبزمارێک بەقەدی درەختێکدا دایدەکوتێت... لەشوێنی هەڵواسینەکەیشدا جۆگەلەی بچووک بچووکی خوێن درێژ دەبێتەوە... ئەنگۆرەی ئێوارە تێڕوانینی لێڵ کردوویت، بەچاوێکی پڕ لەگومانەوە تێی دەڕوانیت... کابرا بەساردییەکەوە گوڵە بەرۆژە دەتروکێنێت و پارچە گۆشتەکانی دادەکوتێت... سەرەتا دوو لێوت بینی بەقەدی دار سەروییەکەوە بوون و دەیانپرسی بۆ؟ لەهەمووتانی دەپرسی... کابرا زەبەلاحەکە شانێکی هەڵتەکاند و گوتی: نازانم... دوو لێوە بێ دەنگەکە چۆڕاوگەی خوێنیان تا بەر پێی دارەکە هاتبووە خوارەوە و لەسەر زەوییەکە یەک بازنەی بچکۆڵەیان دروست کردبوو. ئەم ساتە ساتی تێڕامان نەبوو، بۆنی هەناسە



شێدارەکەت ناخی پڕ کردبوویت... مەرگ لەفرمێسکەکانت دەچۆڕا، ئەو مەرگەی ببوە هەقیقەتی ئەندێشەکانت... تراویلکەیە سەمای ژێر ئەم دارانە، مەرگ لێرە خۆی مەلێس داوە... ئەوەی دەیبینیت خەونێکی بەدینەهاتووی نەستە ترساوەکانت نییە... بەڵکوو کارەساتە و لەزەنگی ماڵەکەت دەدات و بێ ترس چاوەکانت دەردەهێنێت و لەبەر دەرگای کۆڵیتەکەتدا کەمێک گەمەیان پێ دەکات و پاشان دەیانخوات... تۆش ناوێریت سەر بەرز بکەیتەوە... تا دێت نزیک دەکەونەوە... سەیرە ژاڵە نەدەقریشکێنێت و نەداوای یارمەتی دەکات، وەکو ئەوەی لەهەموو شتێک بێ ئومێد بووبێت... بەترسێکی زۆرەوە لەم گەمەی مەرگە دەپرسێت... ناوێرێت هاوار بکات نەکا ڕێبوارانی شەقامە پانەکەی شار جارێکی تر بەنەعلەتی بکەنەوە و نەفرەت بارانی ئەبەدیی بکەن... یان داهۆڵئاسا ڕیزببن و تف بکەنە سیمای شێوێنراوی... تۆ تەماشا دەکەیت و ئەو ناتبینێ... تۆ بۆی دەگریت، بەڵام ئەو ڕقی لە هەمووتان دەبێتەوە. قەدی دارێک نییە پارچەیەک لەجەستەی کوتکوتکراوی ژاڵەی پیا هەڵنەواسرابێت. تۆ بڵێی مانای بوونی ئەم هەموو ئازارە چی بێت؟ تارماییەکەت بۆ ئەم ساتەی خۆی دەگری... لەژێر پێی ئەو بکوژەدا هیچ گوڵێ ناڕوێت... لەو ساتەوە تەنها لەشەودا بێداریت و وەکو شەمشەمەکوێرەت لێهاتووە، هەموو ئێوارەیەک کاتێک خۆر بەرەو دوا ساتەکانی تەمەنی خۆی پەلکێش دەکات تۆ لەدەرگای ماڵەوە دێیتە دەرێ و بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت لەچەقی ئەم دارستانە سامناکەدا خۆت دەبینیتەوە... هەموو ئێوارەیەک ژاڵە کوتکوت دەکرێت، بەڵام ئەم ئێوارەیە زۆر جیاوازە، برینەکان خوێنیان لێ دەتکێت، جەستەکە زۆر بێ دەنگەو ناقیژێنێت، تۆش لەنێو، ڕاڕاییەکی کوشندەدا دەهاڕێ... ئاوازێکی ترسێنەری جەنائزی لەو سەری دارستانەکەوە بەرەو گوێیە کپەکانت بەشەپۆل شالاو دێنێت. تەزویەکی ترسێنەر سەراپای نەستی داگیر کردیت... مەرگ بەردەوام باوەشیان بەملی دارسنەوبەرەکاندا

دەکرد و بۆ ئەبەد لێکتری جیانەبوونەوە. شنەبای دەمەو ئێوارەش بەرقەوە سەمای بەهەردووکیان دەکرد، ئەوەتا بەرەو لای تۆ دێن... دارەکان... لێوەکان... گوێیەکان بەرەو لای تۆ دێن. درەختەکان بەهێمنی و بێ ڕاچڵەکین پارچەی جەستەی ژاڵە لەخۆدەگرن. قەدی دارەکان چون تابلۆیەک کەجەنگ تۆقاندبێتی زارە ترەک ببوون... چاوەکان بەقەدی درەختێکی کاژەوە لەقەدەری خۆیان ڕامابوون، ئەمان، پێیان وانەبوو بەم شێوەیە کۆتاییان بێت... هەرگیز پێیان وانەبوو بکوژەکەیان وا خوێن ساردانە مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات، تەنها لەو کاتەدا بۆیان دەرکەوت کەبکوژەکەیان چەند دڵڕەق و بێ بەزەییە، هەر ئەو کاتەش بۆیان مەعلوم بوو مەرگ چییە و ئازار چییە و چی دەبەخشێت. ئەو پرسیارەی سەراپای بیرکردنەوەی ژاڵەی داگیر کردبوو، وەختە وەڵامەکانی دەست بکەوێت... چاوەکانی خەونی بەشەپۆلی دەریای بەرینەوە دەبینێ... لەنێو تاریکیی دارستانێکدا بەپەلی دارێکەوە بێ ڕوانین هەڵواسراوە... نەتزانی چی بکەیت! بچیت لەهەموویان بپرسیت یان دوای داوی خوێنی گەشی بکەوێت و بۆ یەکەم ساتی تاوان بەڕێبکەویت... نەتدەزانی بۆچی وایان لێ کرد. بۆچی وای لێ کرد... بکوژەکەی دەناسیت، بەڵام نەتدەوێرا جوان تەماشای ڕوخساری بکەیت... بێزت لەسیمای دزێوی دەهاتەوە. وشەکان لەنێوان لێوەکانتدا بێ دەنگ دەمردن... وشەکان لەنێو ناختدا هاواریان دەکرد و بەسەرتا دەیاننەڕاند... بۆچی وا بەیدەست و ترسنۆکی، لەچی دەترسیت؟ هەستت کرد کەسێ لەدواوە شانت دەگرێت. بەزارەترەکییەوە ئاوڕێکی خۆنەویستت دایەوە، کەست نەدی، بەڵام پۆلێ باڵداری ڕەش بەرەو قوڵایی دارستانەکە دایان لە شەقەی باڵ... بانگیان دەکردیت... نەتدەوێرا بچیت... ترسایت هەمدیس ترس یەخەی پێگرتیتەوە... تاریکییەکی ترسناک ئەو ناوەی لەئامێز گرتبوو... جێگەی خوێنی پارچە بڕاوەکان وەکو لالە دەدرەوشانەوە... دەمی چەقۆکەش، کاتێک پارچە



گۆشتەکانی لێ دەکردەوە بریسکەیەکی سەیری لێوەدەهات... چاوەکانی بکوژ وەک دوو چاوی گورگ سور دەیاننواند... لەمەندە زیاتر ڕووناکیت بەدی نەدەکرد... لێت نزیک و نزیکتر دەبنەوە... ژاڵە تەنها یەک دەستی پێوەماوە، بێدەنگ بەرەو لای تۆ هەنگاو دەنێت پرچی بەدەستی بکوژەوە گرێی خواردووە... چاوەکانی سواڵی فریادڕەسیت لێ دەکەن... چەند دەنگێک لە دوورەوە هاوارت لێ دەکەن "ئێوە کێن بانگم دەکەن؟ ئێوە من چۆن دەناسن؟ ئەی بکوژ، ئەی ئەو کەسەی بەدەم گوڵە بەرۆژە تروکاندنەوە سەدان ژاڵەت پارچە پارچە کردووە، پێم بڵێ ئەم ویژدانە سڕەت کەی دەکزێتەوە؟ گوێت لەچرکەی تروکاندنی توێکڵی دەنکە گوڵەبەڕۆژەکان بوو... قرچەی بڕینی پارچە گۆشتە حەرامەکان دیدەی ترس و نائومێدییان پێ قەپات کردیت... گەیشتنە بەردەمت... تاکە دەستەکەی ژاڵە بەپەلە ئاڵایە نێو قەدت، ئازارێک لەنێوان هەردوو ڕانتەوە دەرپەڕییە دەرێ... هاوارت کرد... پڕ بەدارستانەکە هاوارت کرد... چی باڵندەی دارستانەکە هەبوو لەترسی قیژەکەی تۆ دایان لەشەقەی باڵ و هەڵفڕین... ترسان نەکا ئەمە دوا ئاگری تۆڵەی زەمەنە کرچەکان بێت. ئازارێکی سەیر بوو، لەهیچ ئازارێکی تر نەدەچوو... لەگەڵ ئەم هاوارەی خۆتدا هاوکات جەستە خوێناوی و شێوێنراوە یەک قۆڵەکەی ژاڵە بەردەمت کەوت و قریشکەیەکی گەورەی لێ بەرز بۆوە، وای لێ کردیت یەکسەر دەست بۆ نێو هەردوو ڕانەکانت بەریت... دەستت گیرا زارەترک بویت... ئەمجاریان بەپەلەتر دەستت گیرا. ئەوەی تۆ مەبەستت بوو لەجێی خۆی نەمابوو... ترسایت... جۆرێک ترسایت هەرگیز شتی وات بەخۆتەوە نەدیبوو... نەتدەزانی بەرەو کوێ هەڵبێیت... ناچار بەرەو دامێنی چڕە دارستانەکە فرتەت کرد و بەرەو ڕێگە قیرتاوکراوەکە ملت نا... تاریک داهاتبوو، لایتی ئۆتۆمبیلێک بەئاگای هێنایتییەوە... هاوارێک زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕاندیت... چاوت لەسەر ڕووناکییەکە نیشتەوە... لەبەر ڕووناکیی لایتەکاندا شتێکی سەیرت

بینی (حەوت دڵۆپ خوێنی گەورە بەرەو ناو دارستانەکە درێژ ببوونەوە... یەکەم دڵۆپیان لەبەردەم پێڵاوەکانی تۆوە تێدەپەڕی، هێشتا هاڵاوی لێ هەڵدەستا، وات دەزانی لەنێوگەڵی تۆوە قەتارەی بەستووە... قەتماخەی خوێنی ژاڵە و دڵۆپە خوێنە گەرمەکان تێکەڵ ببوون... لەدواوە بانگیان کردیت... ڕاچەنیت و دەستت بۆ ئەندامەکەی نێو گەڵت بردەوەو کەمێک هەڵتگلۆفی، وەک خۆی وابوو. دیسان ڕاچەنیتەوە... کەمێک لەبیر خۆت چوویتەوە... تێنەگەیشتی خەونە؟ یان زیندەخەونە؟ یان ڕاستییە؟ دارەکان هیچیان پێوە نییە... کەچی داوە خوێنەکان بەسەر توێکڵی دارەکان ماونەتەوە، یەکێک بەهەڵەداوان بەرەو لات دەهات... کتومت لەبکوژ دەچوو، بەڵام براکەت بوو. پێناچێت ئەویش بێت... بەڵام کت و مت لەو دەچێت هەر خۆشیەتی... دەستی خستە سەر شانت... وەکو سەرزەنشتکردنێک پێی گوتیت:

– ئەوە چی دەکەیت؟ بۆ واز لەنێو ئەم دارانە ناهێنیت... کات نەمابوو بێیت ئەم ئێوارەیە نەبێت! ئەو خەڵکە هەموو چاوەڕێی جەنابتە و تۆش لێرە ترسی خۆت دەردەکەیت... لەچ دەترسیت؟ هەرچی بوو بوو. ئەو بەسزای خۆی گەیشت، هەرچیش کوشتی دەستی خۆش بێت.

– تۆ بوویت، ئەمەت لەژێر لێوەوە گوت، بەسەرتا شێڕاندنی

– چی ی ی؟ شەرمەزارییە بۆ من تۆ برام بیت... سەرەڕای ئەوەی ئابڕوت بردین هێشتا وا دەڵێیت، دەبە بەبەشەر و واز لەنێو ئەم دارانە بهێنە.

بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکان پەلکێشیان کردیت، دەنگی خەماوی ژاڵە بانگی دەکردیت... ئاوڕت دایەوە، براکەت بەتوندی پاڵی پێوەنایت... تاریکی شەو ئەو ناوەی داگیر کردبوو... بەخێراییەکی شێتانە بەرەو ناو ئاوایی گەڕانەوە، لەدوورەوە گوێت لەدەنگی دەهۆڵ کوتان بوو... ئەم شەو



زەماوەندی دووهەمتە کە نە یەکەم و نە ئەمیشیان ویستی خۆتی تێدا نەبووە. شمشێری برا گەورە هەموو شتێکی پێ کردوویت... لەولای قەرەباڵخییەکەوە ئۆتۆمبیلەکان هێواشیان کردەوەو لەبەردەم ماڵێکی چەپەکدا ڕاوەستان... یەک مۆڵگە مرۆڤ بۆ ئاهەنگی تۆ هەڵدەپەڕین، تۆش ڕقت لەهەموویان دەبۆوە... نەتدەزانی ئەم بێ مانایییە چییە! بەرەو حەوشەی ماڵەوە بردیانیت... کۆمەڵێک ئافرەت چاوەڕێی تۆ بوون... براکانت ئەم لاو ئەو لایان لێ گرتیت... بەرەو ژوورەکەی خۆت پەلکێشیان کردیت... دەرگای ژوورەکە جیڕەیەکی لێ بەرز بۆوە... پیرەژنێکی خاڵاوی بەسەرزەنشتەوە تێت ڕاما. بەرەو ئەو سەری ژوورەکە چاوت گواستەوە... کیژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو بەترس و سیمایەکی پڕ لەشەرم و دوو دڵییەوە لێت ورد دەبۆوە... یەکەم جارە چاوت بەچاوانی دەکەوێت... بەخۆهاتیتەوە، ئەمە بوکی یەک شەوەی تۆیە. جوان سەرنجت دایە. لەسەر تاقی پەنجەرەکەی بەرامبەری دانیشتیت... ماوەیەکی زۆر دانیشتیت پەلەت نەبوو. جار جار بەکلکی چاو تەماشایەکی ئەو بوونەوەرە کەساسەت دەکرد، لەناخافڵا نیگاتان یەکانگیری یەکتری بوو... لەنێو ترس و لەزەتی جەستەدا چاوەکانی بریقەیان دەهات... لێوە لەرزیوەکانی بانگیان دەکردیت... بەچاو ڕەزامەندیی خۆت تێگەیاند هێدی هێدی جلەکانی خۆت داکەند و دەمانچەکەیشت لەسەر جلەکانت دانا... وەکو یەکەم ساتی ژیان و ساتی سەرتاتەشۆڕی مەرگ ڕووت بوویتەوە... تەماشای جەستەی ترساوی خۆت دەکرد... هاوارت لێ بەرزبۆوە... بەڵام کەس گوێی لەم هاوارە نەبوو... تەماشایەکی نێو ڕانی خۆت کرد وەک خۆی وابوو... بەڵام یەک دڵۆپ خوێنی وشکەوە بوو کونی ئەندامەکەی نێو گەڵتی سواغ دابوو... بەپارچە پەڕۆیەکی تەڕ پاکت کردەوە. بیرت هاتەوە پرسیار بکەیت، نەتدەزانی ئەو دڵۆپە خوێنە خوێنی خۆت بوو یان هی ژاڵە... بەکاوەخۆ خۆت هاویشتە نێو پێخەفەکە، هاڵاوی جەستەیەکی بلورین سییەکانی پڕ کردیت... دەستت برد

بۆ لامل و سنگی... زیاتر خۆتت لێ نزیک خستەوە... ترس سەرتاپای جەستەی داگیر کردبووی، ئەو لەتۆ باشتر نەبوو، دەلەرزی و لەژێر دەستەکانتدا هەستت بەلەرزینی دەکرد... خەریک بوو لەترس و لەزەت دا دەگریا... بەڵام ئامبازی بوویت و کەوتیتە ماچ کردنی... زۆر خەریک بوویت بەڵام نەتتوانی تا سەر تینوێتی چاوە حەزاوییەکانی بشکێنیت... نەتتوانی. بۆچی؟. خۆیشت نەتزانی... زیاتر خۆت خەریک کرد، دیسان نەتتوانی... کەمێک دوور کەوتیتەوە... بەچاوی پڕ لەبەزەییەوە سەیری دەکردیت... جگەرەیەکت پێ کرد، تاقولایی هەناوت هەڵتمژی... ویستت هەوڵ بدەیتەوە... لەگەڵ لێک ترازان و وازبوونی تاکی دەرگاکە دەنگێکی سەرزەنشتکەرانەت هاتە گوێ: چیت کرد؟ خەریکی چیت؟ دە پەلە بکە خەریکە ئابڕومان دەبەیت... تۆش بەهێمنییەکی چاوەڕواننەکراوەوە لەنێو پێخەفەکەتدا لێی ڕاکشایت... خەوێکی قورس پێڵوی پێدادەخزانیتە خوارێ... ئاگات لەخۆت نەما... جارێکی تر دەرگا ترازاو پیرەژنێک سەرێکی کێشایە ژوورەوە شتێکی بێ سەروبەری لەدەم دەرچوو، بەڵام بەلاتەوە گرنگ نەبوو... بێ دەنگییەکی سەیر ئەو ناوەی داپۆشیبوو... هەستت بەبێ وەزنی جەستەت کرد... بوکێکی پەری ئاسا هات و لەژوور سەرتەوە دانیشت و بەمیهرێکەوە دەستی بەقژتا دەهێنا... ژاڵە بوو، چاوە قوڵە پڕ لەسۆز و فرمێسکاوییە ڕەشەکانی تێیگەیاندی کە (تاماویت ئەم بوکەت بەکچی دەمێنێتەوە... هەرگیز بۆت ناکرێت بە..."... بۆم ناکرێت بەچی؟ لەقیژەی خۆت بەئاگا هاتیتەوە... هەر خۆت بوویت... ئەویش سارد و بێ بەرگ لەو لاتەوە پاڵ کەوتبوو... سەرت سوڕما بوو. ئاخۆ ئەم هاوارە لەناختەوە دەرپەڕیبێ یان لەئازاری برینەکانی ژاڵەوە؟ دەنگی ژاڵەیە یان ناخی خۆتە و زایەڵە دەداتەوە... دەست و پەنجەکانت ئاڵاندە کەمەری جەستە بلورییە ڕووتەکەی تەنیشتت موچڕکێکی چێژ ئامێزی پیادا هات و ڕووی بەلاتدا وەرگێڕا... بەچاو تێت گەیاند چی



لەتوانادا هەیە بیکات تا بتوانیت بچیتە لای، زۆر خەریک بوون، چیتان زانی تاقیتان کردەوە بێ سوود بوو. لەوکاتەدا کە ئەوسەری لەنێو گەڵتا شۆڕ کردبوەوەو بێ هودانە هەوڵی لەگەڵ دا دەدایت، دەمانچەکەت گرتە دەست و لولەکەیت لەگوێی خۆت ناو دواشت کەگوێی زرنگانیتەوە تەقینەوەیەکی گەورە بوو.

# ڕەنووی بەردەم ڕەشەبای مەرگ

تا چاو بڕ بکات سپیایی بوو... بۆ چەند چرکەیەک خودی خۆی لەیاد کرد... چاوە گێژەکانی تەنها بەردەمی دەبینی و کەمترین وێنەیان دەگرت... سەرەگێژەی پێ کەوتبوو، لەنێوان زیندەخەون و ڕاستیدا دۆش دامابوو... زلەیەکی ئاگادارکردنەوە ناخی هەژاند، پەنجەکانی خەریک بوون شەختەیان دەکرد و دەبوونە پەیکەرێکی سەهۆڵین، پێی وابوو خۆی بۆ زەمەنێکی تر هەڵدەگرێت، بەڵام زۆر زوو بەخۆدا هاتەوە... ئەم کوێستانە سروشتە نەک تاقیگە، هێدی هێدی لێوەکانی کەوتە لەرزین، ئاو بەچاوەکانیدا هاتە خوارێ، لەناکاو دای لەپڕمەی گریان... گریانێک ژێربوونەوەی نەبوو... ڕقی هاتێ داروبەردی ئەو ناوەی دایە بەرشەق... بەفرە ئەستوورەکەی ئەم لاولای پەرش و بڵاودەکردەوە... بەدەست خۆی بوایە درەختە سەروملی ڕوتەکانی شەق باران بکردایە و تا قاچی وردوخاش نەبوایە وازی لێ نەهێنانایە... ئەمێستا چی بکات؟ بەرەو کام ئاوازی ژیان خۆی پەلکێش بکات؟ لەم چۆڵەوانییە کپەدا کێ دەنگی دەگاتە ئەم تەریکە غەوارەیە... نەیدەزانی ئەو ڕەشەبایە چۆن لەوانی تری دابڕێ!... لەم زەمهەرەدا خەونەکانی لێڵن... بەڵام ئەم جەستەیەی بەردەمی خەونەکانی تۆراون، هەر هێندە نا بەڵکوو بۆ



هەمیشە چاوی خەوبینییان لێکناوە... خۆی و ئەم تەرمە خامۆشە بەشەختە بووە و ئەم بەفرە ئەستوورە بێ بەزەییە لەم شوێنە چۆڵەدا سێکوچکەی چ هاوکێشەیەک پێکدەهێنن؟ دەنگێک هەڕەشەی مردنی لێ دەکات، تەنهاییەکی کوشندە یەخەی گرتووە و ورەی پێ نەوی کردووە، ناتوانێت بگەڕێتەوە، سەدەها کیلۆمەتر لەیەکەم دەنگی ئۆتۆمبیلەوە دوورە... لەبەری خۆرئاواوە جارجار تارمایی دێیەک ختوکەی پێڵوی دەدا... نازانێت ئەمە سەرابی ئەم بیابانە بەفرینەیە یان چاوەکانی ڕاستیی لەگەڵ دەکەن!...

ویستی هاوار بکات، هاواریش بکات دەنگی ناگاتە وێندەرێ، نەیدەزانی سەر بەکامە وڵاتیانە، لەنێوەندی سێ دەوڵەتدا گیری خواردبوو... مات و بەیدەست لەبەردەم چرکەکانی ژیاندا دۆش دامابوو... زۆر دوور تەماشای بەردەمی خۆی دەکرد... وەک تراویکەیەکی ئومێدبەخش خۆی بەپێڵویدا مالّی بێت خەندەیەکی تاڵی هاتێ، بەڵام هەر زوو کوژایەوە... لەنێو زیندەخەونێکی بێ ئومێدیدا بێ دەنگی هەڕەشەی مەرگی لێ دەکات و پیاوە سپی پۆشەکانیش لەسەر ڕیتمێکی هێواش بەرەو ڕووی دێن و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکەن، چواریان چوونە ژێر تەرمەکە و دوانی تریش هاتنە ژێر باڵی ئەمەوە، ویستیان بڕۆن لەپڕ بەدەما کەوت و بەجەستەی هاوسەفەرە بێ گیانەکەی گیرسایەوە... کزەی سەرمایەکی تەزێنەر هێنایەوە هۆش خۆی... زارەترەک بوو بوو، زمانی قورس،، مێشکی کاس "نازانم... وتم ناچم، ئەی بۆ سەری خۆم هەڵگرت؟، لەوێ لەسەر ژیان هەڕەشەیان لێ کردم، وەڵا لێرە ژیان خۆی هەڕەشەم لێ دەکات، چی لەم تەرمە بەشەختەبووە بکەم؟! هەڵیگرم؟ بەجێی بهێڵم؟ یان بەدیارییەوە دانیشم؟ ناتوانم دەستبەرداری بم... ژیانێکمان لەناکامی بەیەکەوە گوزەراندووە؟.

بەکاوەخۆ و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە لە تەنیشت مەیتی هاوسەفەرەکەیەوە چیچکەی کرد، ئەم مرۆڤە پێش کاتژمێرێک خوێن لەدڵیدا دەگەڕا، باسی

ئەفسانەی شاری شادییان بۆ یەکتری دەکرد... باسی سیحری ژیانیان لەو وڵاتانەدا دەکرد کە گەلێکانی بەنرخن و مرۆڤەکانی بەختیارن... بەدەم شکاندنی ڕێچکەی بەفرەکەوە گۆرانی ئەشقێکی تازەیان بۆ ژیان دەچڕی. تازەترین نوکتەی بۆ دەگێڕایەوە... ئەم جەستەیەی کە لەترسی مەرگ هەڵهات، ژیانی هاوڕێکانی... پیاسەی شەقامەکانی شاری خۆیانی بەجێ هێشت... وا لێرەدا مەرگ کردوویەتی بەشەختە... هەر هەمان جەستەی ساردەوەبوو هەموو ژیانی لەبەربەرەکانیدا سەرف کرد، پێویستی بەپشوودان هەبوو، ژیانی یەک پارچە گۆرانی گوتن بوو بۆ ژیان... ڕۆژگارێک گەمەی لەگەڵ خۆشەویستی و توندوتیژیدا دەکرد، ڕقی لەخوزە لەسەرەکان دەبووەوە و بەسیمبولی مەرگی دەزانین، بەڵام نوشوستییەکانی ژیان بڕستیان لێ بڕیبوو. لەسەر سیمای خۆشترین یادەوەری نووسرا بوو... ئەمێستا سەربازێکی نەناسراوە و بەر نەفرەتی بەفر کەوتووە... ئەمیش نەیدەزانی چی بکات... دەترسا... دەترسا لەوەی کەخۆیشی پاش چەند ساتێکی تر بەدەردی ئەو بچێت... نەیدەزانی چی بکات... بیر لەچی بکاتەوە، لەتەرمە خامۆشەکە یان لە خۆی؟!... بێ دەنگییەکی ترسناک ئەو ناوەی داگیر کردبوو... پێ دەچوو مارشی کۆتایی بێت و زەمەن لە جوڵان وەستا بێت و بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ خاڵی ڕەها... کەمێک چاوەکانی جوت کرد، ناسۆری ئازارێکی سەخت ناخی داگیرساند و یەکسەر خستییە گریان... گریانێک ئۆقرەی لەچیاکانی چواردەوری بڕی هاڵاوی فرمێسکەکانی چاوی کەوتنە تواندنەوەی بەفرە کەڵەکەبووەکە... زۆر بەکوڵ گریا... دارستانی بنارەکەیش سرتەی لەخۆی بڕی بوو... بەڵام ئاواییەکەی بەری خۆرئاوا، گوێیان لەم گریانە نەبوو... مرۆڤەکان کەمتر گوێیان لەئازاری یەکتر دەبێت... سۆزێکی بێ ئەندازە گەورە بۆ ئەم تەرمە داگیری کرد، گشت حەزەکانی لەناوچوون... ئەو حەزانەی کە ببوون بەمایەی سەرسوڕمان... لەناکاو ترسێک بەسەرتاپای ناخ و بوونیا گوزەری کرد، لەگەڵ خۆیدا کەوتە قسە، قسەکانی لە وڕێنە



دەچوون "لەچی دەترسم؟"... لەمردن دەترسم! بێ گومان لەمردن دەترسام، ئەگینا خۆم نەدەخستە ئەم گێژاوە، نایەم بۆ ئەم کوێستانە!... ئەی بۆ کوێ بچم؟... بەرەو ئەو دێیە؟ کام دێیە هیچ نابینم، ئەو گوندەی کە هەیشەو نیشە؟ جا من چوزانم ئەم دێیە هی چ مەملەکەتێکە و بەچ زمانێ قسە دەکەن، کێ ناڵێت سەربازگە نییە ها؟!... تێناگەم بۆچی ڕامکرد؟!... ڕقم لەهەموو نیشتمانەکانە چونکە هەموویان تەنیا جێگەی خۆپەرست و دەبەنگەکانی تیا دەبێتەوە، بستێک خاک نەماوە بۆ خۆشەویستی، هەر دەبێت ڕابکەین... بمرین... ڕابکەین... بمرین... هەڵبێین، بتۆپین... غاردەین، بۆگەن بکەین، حەپەمان بێت، ڕابکەین و کەس دوامان نەکەوێت... ئێمە دەترسین، لەچی؟ نازانین، بەڵام دەترسین، گرنگ ئەوەیە دەترسین... بەچوار دەوری خۆیدا ڕوانی، پاشان تەماشای ئاسمانی کرد... تەماشای خودی خۆی کرد، دواتر چاوی گواستەوە بۆ سەر تەرمەکەی بەردەمی... زیندەوەر هەموویان مردوون... سرتەیان لێ نایەت... هەموو مردوون و هەر خۆشیان تازێیان بۆ خۆیان داناوە، بێ هیوایی برۆی شکستی پێ هێنایەوەیەک و، گریانی پەشیمانی ئەوکی پێ گرت... گوێی لەچرکە چرکی کاتژمێرێک بوو تەکانی دەدا، تەماشای مەچەکی خۆی و تەرمەکەی بەردەمی کرد هیچیان کاتژمێریان پێ نەبوو، "ناکا شێت بووبم"، نەیدەزانی ئەو بێ دەنگییە گەورەیە بەچی پڕ بکاتەوە... برسێتیش بڕستی لێ بڕیبوو، خەریک بوو لەهۆش خۆی دەچوو، دەیویست بیری بکەوێتەوە چۆن چۆنی گەیشتۆتە ئێرە، دەیەوێت لەوەش بگات ئەم تەرمە کێیە و ناوی ڕاستەقینەی چییە... بۆ ساتێکی کورت لەبەردەم تەرمەکەدا لەسەر چۆک دانیشت... بیری دەکردەوە کەچی بکات تا دەنگی بگاتە ئاواییە دوورەکەی خۆرئاوا، هەوەڵ جار دەستی لەهەموو ئەو شتانە هەڵگرت کەبەرەو تاراوگەیان پەلکێش دەکرد، دڵەڕاوکێ بڕستی لێ بڕیبوو، سەری کردبووە جەرگی... نەیدەزانی چی بکات! وای پێ باش بوو بۆ ساتێک بەهێمنی بیر بکاتەوە!

بەڵام نەیدەزانی چی بکات، بیر لە خۆبەدەستەوەدان بکاتەوە، یان بەرەو بەهەشتی قیزەونی ڕابردووی بگەڕێتەوە؟! ئەو بەهەشتەی مرۆڤەکانی کردووە بەلیبۆک و لەترسا تۆقاندوونی... ئەو بەهەشتەی هەموو هیواو شادی و حەزەکانی دەکرێنە قوربانی گوللەیەک، ئاخر هەر بەهەشتە مەرگاوییەکە نەبوو چی مرۆڤی ترسنۆکی وڵات هەبوو ڕاوی دەنا، چونکە ئێرە بێشەی شێرە نەک جەنگەڵی کەمتیار، بەڵام لە ڕاستییدا هەر کەمتیارەکانن قژە سەریان بۆ خۆیان کردووە و دەمامکی شێریان پۆشیوە... بەرەو هەرلایەک دەچیت هەر مەرگە... مەرگ... لە هەموو شوێنێک هەیە... ناچاربوو بیربکاتەوە بیر لەچی؟ بیر لەکێ؟ نازانێت، بەڵام خۆ ناشکرێت هەروا دەستەوئەژنۆ دابنیشێت، بەفرو بێدەنگی گەمارۆیان داوە، لە ئەشکەنجەی جەللادەکان زیاتر ئازاری ناخی دەدەن، ویستی لەناویان ببات... بەچی؟!... ها!... هەستی کرد هەناسەکانی باوێشک دەدەن، بەڵام هێشتا خوێن لەدەمارەکانیدا دەگەڕێت... وەنەوز دەیبردەوە، ترسا نەکا خەوی لێ بکەوێت... چاوانی هەڵگلۆفی، کەمێک کەوتە جوڵە، بەئاستەم دەجولایەوە، بەکاوەخۆ چاوەکانی هاویشتە باوەشی ئاسۆ دوورەکە، بەڵام وشکە سەرماو ڕەنوی بەفر وریان کردبوو، یەک لەسەریەک جوێنی بەرۆژ و تەم و بەفرەکە دەدا، شەوە درێژە کوشندەکانی بەنەفرەتی دۆزەخ دەکرد، لەبەفرەکە مۆڕدەبووەوە، برسێتییەکی بێ وێنە قامچیبارانی ڕیخۆڵەکانی دەکرد... سەری قورس... خێرا خێرا فوی بەناو پەنجە سارد و سڕەکانیدا دەکرد، گوێی لەدەنگی دڵی خۆی بوو... بەهێوری سەری قورسی شۆڕ کردەوە، تەماشایەکی گورگ ئاسای تەرمەکەی کرد، بەهەموو هێزییەوە قەپاڵێکی لەشلکەی باڵی هاوسەفەرە بێ گیانەکەی خۆی گرت نە ئەو بڕوای بەمە کرد و نە ئەمیش لەمەرگی هەردووکیان حاڵی بوو... بێ ئومێد بوو لەخۆی... بەنیگەرانییەوە سەری هاویشتە باوەشی... دەیویست بەهەر جۆرێ بووە ئازاری برسێتی و هەڕەشەی مەرگ لەخۆی دوورخاتەوە...



لەناکاو سەری هەڵبڕی، چاوەکانی زیت بوونەوە، بەدوای شتێکدا دەگەڕا تاکو بیخوات... دەگریا و دەگەڕا... چاوی گێڕا، تەنها چەند درەختێکی ڕوتەڵەی دیت، بیرێک بروسکەئاسا بەمێشکی... هەروەکو شێت بەهانکە هانک کەوتە هەڵکەندنی بەفرەکە، دەیویست بەهەر جۆرێ بووە خۆی بگەیەنێتە قوڕەکەی ژێر بەفرەکە و دەست بکاتە گڵ خواردن، ئازاری جەستەی تادەهات زیاتر دەبوو، پەلەپەلی پێ کەوت، بۆنێکی تیژ هەردوو کونەلووتی ئاخنی... هێشتا زۆری مابوو بگاتە قوڕەکە، دەستی کێشا قایشی کاتژمێرێک کەوتە نێوان پەنجەی دۆشاومژەو کەڵەموسەی دەستی ڕاستی... قایش وەکو سوژنێک چوو بەناخیدا... ترسێکی گەورە سەراپای ناخی داگیر کرد... ترپەکانی دڵی خێراتر بوون و چاوەکانی خێراتر دەتروکاند، بەپەلە هەناسەی دەدا، بەلێشاو فوی کردە دەست و پەنجە ڕچیوەکانی، بەپەلە ئەو پاشماوەیەی تری بەفرەکانی بەم لاو ئەولادا فڕێ دا... گەیشتە سەر مرۆڤێکی تر، لە مرۆڤی چاخێکی تر دەچوو. لاوێکی ڕیشنی چاو کەوەیی نیوەداخراو... ترسا... گریا... پێکەنی... کەوتە سەر چۆک... دەستی دەرهێنا، بەدەم قوڵپی گریانەوە باسکی ساردی لاوەکەی لەئامێز گرت، هێشتا باسکی لاوەکەی لەئامێزدا بوو سوسەی نووسینێکی کوتراوی سەرباسکی لاوەکەی کرد، بەهێمنی نیگای چەسپاندە سەر نووسینەکە هەستی کرد لەشوێنێک ئەو نووسینەی خوێندۆتەوە، لەپڕ وەک شێت کەوتە هاوارکردن، شەقی لەبەفر و لەپاژنەی پێی چەپی خۆی دەداو بەناو بەفرەکەدا کەوتە تلانەوە، وەکو پوشێکی بێ کێش و سەرگەردانی بەردەم گەردەلوولی لێهات، هێواش هێواش بەرەو کەنارە ئارامەکانی مەرگ ملی نا.

دارشەق

زەنگی کۆتایی وانەی پێنجەم لێدرا، مامۆستاش لەکاتێکدا کە بەچمکی ناوەوەی چاکەتەکەی شووشەی چاویلکەکەی دەسڕییەوە، بێ ئومێدانە سەیرێکی کردین و بەبێ ئەوەی هیچ شتێ بڵێت، ڕۆیشت و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە بەکراوەیی بەجێهێشت. قوتابییەکانیش بەتریقە و پێکەنینەوە دوو دوو و سێ سێ ڕێیماڵەوەیان گرتەبەر و پۆلەکەیان چۆڵ کرد... منیش بەترس و حەپەساوییەوە هێواش هێواش کەوتمە کۆکردنەوەی دەفتەر و کتێبەکانم و لە ژانتاکەمم پەسان... ئەو ژانتا جوانە بچکۆلەیەی کە باوکم بەبۆنەی چوونە قوتابخانەمەوە بەدیاری لە شارێکی دوور دوورەوە بۆی هێنابووم. ژانتاکەمم لەشان کرد و ورد ورد لە قوتابخانە هاتمەدەرێ. لەو ساتەوەی کە باوکم پێی گوتبووم کەنیوەڕۆ بەهۆی سەرقاڵ بوونییەوە بەمەسەلەی ڕۆشتنی بۆ بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمندا نایەت بەشوێنما و دەبێت خۆم بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ، ترسێک سواری کۆڵم ببوو، ناهەقم نەبوو کوچە و کۆڵانەکان زۆر لەیەکتری دەچوون و بەئاسانی بۆم لێک جیا نەدەکرانەوە... ترسەکەم لەجێی خۆیدا بوو، ئەرێ بەڕاست ڕێگەی ماڵەوە لەکامەلاوەیە؟ چەند جارێک بڕیارمدا لەلای ڕاستی دەرگای دەرەوەی



قوتابخانەکە سەربەرەو خوار مل بنێم و بڕۆم، کەچی خۆیشم نەمزانی چ هۆیەک پاڵی پێوەنام بەدەستی چەپدا بەرەو ژوور هەڵکشێم... ڕۆیشتم، زۆر ڕۆیشتم، بەڵام ماڵی خۆمانم بۆ نەدۆزرایەوە، پەلەپەلم پێکەوت، کەوتمە نەرمە ڕاکردن... بەڵام هیچ. نەمدەزانی چی بکەم، بگەڕێمەوە بۆلای قوتابخانە یان هەر بڕۆم. دەڕۆیشتم و لەچواردەوری خۆم ورد دەبوومەوە چەند جارێک ویستم لە ڕێبواران بپرسم، بەڵام کە دەمبینی ئەوانیش وەک من لە چواردەوری خۆیان دەنۆڕن، پەشیمان دەبوومەوە. خەریک بوو نائومێد دەبووم، بەڵام لەپڕ لە دوورەوە پیاوێکی سەرسپی چاویلکە لەچاو بەلەرزە لەرز دەرکەوت، زۆر دڵم پێی خۆش بوو، بەپڕتاو بەرەو لای فرتەم کرد تاپرسیاری ماڵی خۆمانی لێ بکەم، هێند بەوروژم بەرەولای چووم خۆمم بۆ نەگیرایەوە و خۆم پیاکێشا، وەخت بوو بکەوێت، چاوەکزەکانی لەژێر شوشەی چاویلکەکەیەوە گلەیی و سەر زەنشتێکی زۆری لێ دەباری. هەستم کرد بێ هودەیە پرسیاری لێ بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر پرسیشم، چاوەڕوان بووم قسە و بناشتەکانی کۆتایی پێ بهێنێ تا وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێ قسەکانی تەواو نەکرد و گوێی لێ نەگرتم، نەک لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوو گوێ بگرێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی گوێی هیچ شتێکی نەدەبیست، بۆیە نائومێدانە لەکاتێکدا کە جارجارە ئاوڕم لێ دەدایەوە، ڕۆیشتم و دورکەوتمەوە، هێندە دوورکەوتمەوە کە کەمتر خەڵکم بەشەقامەکەوە دەبینی، ئەو شەقامەیشم بڕی کە ڕیزە چنارێک سایدەکانی لێکتری جیا دەکردەوە، هێندە ڕۆیشتم چ خانوو و ئاوەدانییەک نەما جێی نەهێڵم... لە نێو کپی و چۆڵی پەڵە دارگوارەکەی دەرەوەی شاردا وەختەبوو زارەترەک دەبووم. هیچ ڕێگەیەکم لەبەردەمدا بۆ نەمابووەوە بەناچار دەستم کردە گریان، ئەوەندە بەکوڵ دەگریام قوڵپی گریان ڕەوتی هەناسەدانمی شێواندبوو، جارجارە ئاوڕم بۆلای خوارووی شەقامەکە دەدایەوە جگە لە تارمایی چەند خانوویەکی یەک نهۆمی هیچ شتێکی ترم

نەدەبینی تەنانەت دوو بڵندگۆ گەورەکەی سەر سەربانی قوتابخانەکەیشمان. هەستم دەکرد تەنیا بوونەوەرێکی زیندووی سەر ئەم زەوییە بم، جارجارەش بۆ خۆدزینەوە لەو چەند ساتە وەڕسکەرە ساتەوەختە خۆشەکانی ڕابردووم دەهێنایەوە پێش چاوی خۆم، جارێک ئەو جولانەیەم بیردەکەوتەوە کە دایکم لە گوریس بەپەلی دارتووە زەبەلاحەکەی حەوشەکەماندا بۆی دروست کردبووم، جارێکیش گغەو بقەو تریقەی پێکەنینی برا بچووکەکەم کە لە نێو بێشکەکەیەوە سەری بەلای مندا خواردەکردەوە تاسەرنجی من بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و منیش بیدوێنم. ئەم ئەندێشانە چێژێکی خۆشیان پێ دەبەخشیم، بەڵام لەپڕ دەنگی ناسازی مەلێک لەنێو دارگوارەکانەوە بەرز بووەوە جەستەو ڕۆحم دووبارە گەڕانەوە بۆ نێو دارەکان... چیدی توانای هەڵگرتنی جانتاکەمم نەمابوو، بۆیە سەرباری ئەوەی کە زۆریشم خۆش دەویست لەشانم داکەند و بەجێم هێشت، بەسەر پردێکی دارینی چکۆلەدا پەڕیمەوە، ئاوێکی خوڕی بەژێردا دەڕۆیشت. هێشتا زۆر لە پردەکە دورنەکەوتبوومەوە ئاوڕێکم دایەوە، وێنەی خۆر لەنێو ئاوەکەدا سەرنجی ڕاکێشام، ویستم بیربکەمەوە بزانم خۆر دەکەوێتە کوێی ماڵی ئێمەوە. تیشکی بەتینی خۆر چاوانی پێ داخستم. هێشتا هەر بیرم دەکردەوە و تەواو ساغ نەبووبوومەوە خۆر دەکەوێتە کامە لایەوە، لە پڕ دەنگێکی نامۆ بێداری کردمەوە، دەنگەکە زۆریش نامۆ نەبوو... پیاوێک بوو چەند هەنگاوێ لەولای پردەکەوە لەژێر درەختێکدا بەدیار شوشەیەکی ڕەنگ ئاوییەوە دانیشتبوو، ڕیش هاتوو، جلوبەرگێکی کاڵبۆوە و ئوتونەکراوی لەبەردا بوو،. سەرەتا ترسام بچم بۆلای، بەڵام کە بۆجاری دووم بەسۆزەوە بانگی کردم بێدوودڵی و ڕاوەستان یەکسەر بەرەو لای چووم... هێشتا بەتەواوی نەگەیشتبوومە لای دەنگی مەلە شومەکە دیسان بەرزبووەوە، بۆیە هەنگاوەکانم خێراتر کرد و بەترس و پەشۆکاوییەوە دەستەکانم لەملی ئاڵاند، ئەویش یەکسەر بەسنگی خۆیەوە نووساندمی و



کەوتە ماچ کردنی سەرو لامل و ڕوومەتم. پیاوێکی زۆر بەسۆز بوو، مووەکانی سەروڕیشی ماش و برنجی بوون و لە ڕوخساریا میهرەبانییەکی زۆر دەبینرا... داوای لێ کردم کە چیدی نەگریم و هۆکاری گریان و لێوبەبارییەکەمی بۆ ڕوون بکەمەوە. هەموویم بۆ گێڕایەوە، زۆر دڵی دامەوە و هانی دام ئارام بگرم و ئەوەندە ترسنۆک و بێ ورە نەبم، هەر زووش پێی گوتم کە خەمم نەبێت چونکە ماڵەکەمان دەزانێت.... پاش تۆزێ کەزانی تۆزێک هێمن بوومەتەوە زەردەیەکی هاتێ و کەوتە گۆرانی گوتن، زۆر گۆرانی گوت. سەرەتا سرودێکی خۆشی قوتابخانەی بۆ گوتم، ئینجا دەستیکردە گوتنی گۆرانی کۆمیدی و هەندێ جوڵەی تەمسیلی پێکەنینئامێز، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو خۆشییەک بخاتە دڵی منەوە... ئەگەر چی گۆرانییەکانی خۆش بوون، بەڵام نیگاکانی خەماوی بوون. هێواش هێواش ئاوازی گۆرانییەکان گۆڕان. بەو منداڵییەی خۆم هەستم بەکلۆڵی و بێچارەیی ئەو پیاوە ڕیش ماش و برنجییە دەکرد. کە دەنگی بڵند و نەوی دەکردەوە دەتگوت کەمانچەیەکە خەمەکانی خۆی دەژەنێت، بەتایبەتی ئەو کاتانەی قومی لە شوشەکەی بەردەمی دەدا و بۆنی ڕازییانە ئەو ناوەی دەتەنی و دەستێکی بەدەم و سمێڵیدا دەهێنا.

دیار بوو ژیانی خۆی کردبووە گۆرانی، ئەو ژیانەی کە چیدی بوون و نەبوون واتایەکیان نەدەبەخشی و سەخت بوو مرۆڤ لەبەردەم نەهامەتییەکانیدا بتوانێت پشت ڕاست بکاتەوە... تادەهات گۆرانییەکانی خەماوی تر دەبوون و ترس باڵی بەسەرمدا دەکێشا. بێ دەنگییە کورت ماوەکانی نێوان گۆرانییەکانیش هێندەی تر کەشی دانیشتنەکەمانی ترسناکتر دەکرد، لەپڕ گۆرانییەکەی کۆتایی پێهێنا... ویستم لێی بپرسم، بەڵام هێشتا وشەیەکم لەدەم دەرنەچوو بوو کە دەنگی گریانێکی بەکوڵ ڕایچڵەکاندم... ئەمجارەیان ئەو بوو دەگریا، گریانێک دەگریا سەرتاپای سواڵی نەوازش و دڵدانەوە و خۆشەویستی بوو، گریانی مرۆڤێکی

لەبیرکراوی بێ گوناه بوو کە چەرمەسەری و ڕێکەوتە ناقۆڵاکانی ژیانی پلیشاندبوویانەوە، مرۆڤێک جوانترین و خۆش ترین ڕۆژەکانی سەردەمی لاوی خۆی کردبووە قوربانی جەنگە درێژخایەنە خوێناوییەکانی بەرگری لە نیشتمان. کەجەنگ کۆتایی هات بەقاچێکی پەڕیوو و سیمایەکی شێواوەوە گەڕایەوە بۆ لای دایک و باوکە هەناسە ساردەکانی تا ئەو پاشماوەیەی تری ژیانی بەئاشتی و ئاسایش لەگەڵیان بەسەر بەرێ و خۆشەویستەکەی بۆ بخوازن، بەڵام هەردووکیان گیانیان سپاردبوو و لەیەکێ لەگۆڕەپانە بەکۆمەڵەکانی شاردا نێژرابوون. خۆشەویستەکەیشی، ئەو مرۆڤەی هەموو بوون و ژیانی خۆی پێوە بەستبووەوە ڕەتی کردەوە شوو بەکەسێک بکات کە جگە لە یادەوەرییەکانی ڕۆژانی جەنگ نەپارە و نەجوانی و نەکەس و کار و نەهیچیان نییە. دڵی بەرایی نەدەهات چیدی لەو ماڵەدا بمێنێتەوە، ماڵ نەیدەگرتە خۆی و جێی بەخۆی نەدەگرت. شەو لەشەقامەکاندا دەنووست... دەیویست لەبەر تریفەی مانگە شەودا خەو بەو ڕۆژانەوە ببینێ کە هێشتا قاچی ڕاستی نەبوو بووە قوربانی خەمەکانی وڵات، بەڵام لەوێش وازیان لێ نەدەهێنا و نەیاندەهێشت پشوویەک بدات... منداڵان بەردیان تێدەگرت و ئازاریان دەدا. پیاوە بودەڵەکانی کۆمەڵیش هەموو داخی ترسنۆکی و سوکێتییەکی خۆیانیان بەو دەڕشت، بانگیان دەکرد و لاقرتێیان پێ دەکرد، زۆر جار ئەوانەیان کە زۆر ترسنۆک بوون دەستیشیان لێ دەوەشاند، کەس... هیچ کەسێ، جارێکیش دڵی نەدایەوە و تەنیا یەک جاریش بواری هاتنەوە بۆ نێو ژیانیان پێ نەبەخشی، بۆیە نەیتوانی بوو خێزانێکی چکۆلە دروست بکات.

لەتاوا بەرۆژ هەڵدەهات بۆ دەرەوەی شار و، بەشەویش، پۆلیس... پیاوانی پاراستنی سەروەت و سامانی پارەدارەکانی نیشتمان نەیاندهێشت لەشوێنێکدا ئۆقرە بگرێت و بحەسێتەوە... لێرە دەریان دەکرد و لەوێ لە شیرین خەودا بەدەم پێکەنینێکی هستریایانەوە ڕیزە گوللەیان



بەسەردا دەتەقاند. دواجار خەونە وەنەوشەییەکانی کاڵ بوونەوە و خەو لە چاوانی تۆرا و هێواش هێواش هۆش و ئاوەزی لەدەستدا... لە هەموو شتێک بەدگومان بوو، ژیانی دۆزەخێکی هەمیشەیی بوو، دۆزەخێک هیچ کەسێ بەرگەی نەدەگرت. تەنیا ڕێگە چارەیەکیش کەپەنای بۆ دەبرد خواردنەوەی ئاوە بۆن ڕازیانەییەکە بوو، شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو هەمیشە دەیخواردەوە... کەس نەیدەزانی پارەی ئەو خواردنەوانە لەکوێ دەهێنێت... هەندێک دەیانگوت:

(ئەو ژنە حەشەرییانەی مێردە بەڕێزەکانیان لەبەر سەروکارکردنی پڕۆژە هەمە چەشنەکانیان نایانپەرژێ نیوەڕوان بگەڕێنەوە ماڵێ و هەرشەوەی لەسەر جەستەی کچۆڵەیەک ڕۆژ دەکەنەوە، پاش نیوەڕۆ گەرمەکانی وەرزی هاوین بەناوی نان دێنییەوە داوەتی ژورەوەی دەکەن و دواتر سواری خۆیانی دەکەن و بڕێک پارەشی دەدەنێ.) هەندێکی تریش دەیانگوت:

(بەدرۆ خۆی شێت کردووە و سیخوڕی وڵاتێکی نەیارە)

دەنگی مەلە شومەکە دیسانەوە هێنامیەوە بەردەمی کابرا... ئەمجارەیان من دەمویست دڵی بدەمەوە، بەڵام فریانەکەوتم... بەسەر ئاماژەی بۆکردم کە هەستمە سەر پێ تادەست و دەموچاوم بۆ بشوات و بمباتەوە... پێش ئەو گەیشتمە قەراخی ئاوەکە لە کاتێکدا کە داوای لێ دەکردم زۆر نەچمە پێشەوە نەکا بەدەما بکەومە ئاوەکەوە تێی گەیاندم کە چۆن بەچنگ ئاو بۆ دەموچاوم هەڵبدەم. چەند مشتێک ئاوم کرد بەدەموچاوما تا پاشماوەی ئەو فرمێسک و چڵک و پیسییەی ڕوخساری سواغ دابووم بشۆمەوە. ئاوڕێکم بەلای ئەودا دایەوە تالە جوان شوشتنی دەموچاوم دڵنیای بکەمەوە... بەڵام هیچ کەسێکم نەدی، سەرەتا ترسام، وام بەخەیاڵدا هات کەوتبێتە ئاوەکەوە و ئاوەکە لەگەڵ خۆیدا بردبێتی، بۆیە پڕم دایە دارشەقەکەی لای ڕاستمەوە و شەلە شەل بەهاوار هاوار سەر بەرەو خوار بەقەراخی جۆگە ئاوەکەدا کەوتمە ڕاکردن.

# گوڵفرۆش

ئەگەرچی گوڵە سوورەکان کاڵ و پەژمودە سووریی خۆیان لەدەست دابوو، بەڵام کوڕە بچکۆلانەکە بۆ ساتێکیش لە هاوارکردن نەدەوەستا.

وەکو ئەوەی چاوەڕوانی هاتنی کەسێک بکات بەچاوە زیتە بێ ئارامەکانیەوە لەبەری خۆرهەڵاتی شەقامەکە ورد دەبووەوە، جارجارەش هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشاو دیسانەوە بەدەنگی بەرز دەستی دەکردەوە بەهاوار کردن:

– گوڵی سوور، گوڵی سووری جوان، بەڕێز گوڵت ناوێت، خانم گوڵتان ناوێت؟

کاتێکیش ڕێبوارەکان بەسەرلەقاندنێ منداڵەکەیان نائومێد دەکرد، ئەو ئیتر بەلەپی دەستە بچکۆلانەکەی بەناوچەوانی خۆیدا دەکێشا، وەکو ئەوەی بەم کارەی بیەوێت بەخۆی بڵێ: (چەند بەدبەختم).

سێ ڕۆژ لەوەوپێش و بۆ یەکەم جار لەژیانیدا دایکە کەنەفتەکەی بەپارەی سواڵ هەندێ گوڵە نێرگزی بۆ کڕیبوو، تا لای خوارووی شەقامێکی گشتی خۆرئاوای شاردا بەڕێبواران و شۆفێری ئۆتۆمبیلەکانی بفرۆشێتەوە، بۆیە سەرەتا بەشەرمەوە و بەدەنگی نزم ئەو ڕستەیەی دایکی فێری کردبوو



بەپچڕپچڕی و ناتەواوی ڕوو بەڕێبواران دەیگوتەوە، دواتر بەمەبەستی پەیداکردنی کڕیاریی بۆ گوڵەکانی کەتا ئەو ساتەش دانەیەکی لێ نەفرۆشتبوون، ناچار بوو بەدەنگی بڵندتر هاوار بکات... هێندە بێ هوودە هاواری کردبوو دەنگی نووسابوو بێ ئومێدبوو بوو و، تیا مابوو نەیدەزانی چیدی هاوار بکات یان گوڵەکانی فڕێ بداتە ئەو بەرمیلی خۆڵەی تەنیشتییەوە و هیوابڕاو لۆژ لۆژ بەرەو کۆڵیتە وێرانەکەی دایکی بگەڕێتەوە... ئەو ئەگەر ترسی سەرزەنشتیی دایکی نەبوایە هەر یەکەم ڕۆژ ئەمەی دەکرد. نزیک نیوەڕوانیش لەپاش ئەوەی قوتابییانی خوێندنگە دوو نهۆمییەکەی ئەوبەری شەقامەکە ئیزن دەبوون و بەرەو ماڵ دەڕۆیشتنەوە، ئەو وڕ و کاس لەسەر لێواری شۆستەکە بەقنجەوە دادەنیشت و بەنێو ژیانی ون بووی چەند مانگ لەوەپێشی خۆیدا گەشتی دەکرد و لەبەبیرهاتنەوەی ساتەکانی چێژی وەردەگرت، ئەو هێندە ساویلکە بوو وایدەزانی بەس ئەو چەند گوڵە بفرۆشێت سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ڕۆژگاری پێشووی. ئەم ئەندێشانە زۆریان نەدەخایاند هەر زوو برسێتی لەو خەونە ئاڵو والآیانە بێداریان دەکردەوە و ناچاریان دەکرد توند گوڵەکانی لەئامێز بگرێت و بەرەو لای ئەو چەند کۆگە و موغازانە بەڕێ بکەوێ کە دەکەوتنە ئەوبەری چوارڕیانی شەقامەکە و لەبەردەم جامخانەکانیاندا وەکو بزمار دەچەقی و چاوی نائومێد و برسی و ماندوویی بەسیمای خاوەنەکانیانەوە دەدورا، بەڵکوو بەزەییان بتیسلاتەوە و پارچەیەک حەڵوای شیرینی بدەنێ، چاوە زیتە منداڵانەکەی لەنێوان دەستی کابرا و سینیی حەڵوا شیرینەکاندا لەهات و چۆیەکی بێ ئارامدا بوون، سەرئەنجام ملی ڕێی دەگرتەوەبەر، تا دەگەیشتە بەردەم گازینۆیەکی گەورە، ناوەوەی گازینۆکە بەدووکەڵی جگەرە و دەنگی پولی دۆمینە جەنجاڵ بوو بوو.

سیمای ئەوانەی سەرقاڵی چا خواردنەوە و قسەو یاری بوون، تەڵخ و ئاڵۆز هەر بەتارمایی دەچوون و نەدەناسرانەوە، ئەوەی بەڕوونی دیار بوو

تەنیا ڕووناکی شاشەی ئەو تەلەفزیۆنە بوو کە لەگۆشەی ئەوسەری گازینۆکەدا بەبێ ئەوەی کەسێک تەماشای بکات پەخش دەبووەوە... تەلەفزیۆنەکە گەشتی کۆمەڵێ قوتابی سەرەتایی بۆ شاری یاری پیشان دەدا... چاوی بەقوڵایی ئەندیشەدا ڕۆچووە خوارێ، ئاگای لە خۆی بڕا، دەتگوت هەر لەو ناوەشدا نییە...

"خۆی دەهاتە بەرچاو جلێکی جوانی لەبەردایە و دەستێکی بەدەستی دایکییەوەیەتی و دەستەکەی تریشی بەدەستی پیاوێکەوەیە کە لەهزری خۆیدا کردبووی بە باوکی... هەڵبەز و دابەزی دەکرد و گۆرانی دەگوت" لەپڕ شڵپەی شکاندنی جامخانەکەی تەنیشتی ڕایچڵەکاند... ترسا، زۆر ترسا... تەماشای کرد شێتێکە و بەردێکی زلی داوە بەجامخانەکەدا و دەڵێت: (ژاوە ژاو و تەم و مژ نایەڵێت سیماکان بناسمەوە، ئەم دەلاقەیەم بۆ ئەوەیە تا سیماکان لێک جیابکەمەوە).

ئارام بووەوە، ئیدی هیچ هەواڵێک لەدەستە جلە تازەکەی و دایکی و باوکی و ئەو حەڵوا شیرینانەی دەیخواردن نەما. برسێتی زۆری بۆ هێنایەوە، چاری نەما قسەکەی دایکی شکاند و بەئاڕاستەی پێچەوانەوە ڕۆیشت، شەقامەکە کش و مات کەسی پیادا نەدەڕۆیشت، دیاربوو خەڵکی سەرگەرمی پشووی پاش نیوەڕۆ بوون، منداڵەکەش ڕوخساری هێندە گۆڕابوو چیدی نەدەناسرایەوە، دڵتەنگ و لێو بەبار دەهاتە بەرچاو، ماندوو بوو بوو، بەڵام بەناچاری لەڕۆیشتن و هاوارکردن هەر بەردەوام بوو، بەڵکوو بتوانێت چەپکێ لەگوڵەکان بفرۆشێت.

کات لەنیوەڕۆ لایدا بوو، لەپڕ لەدوورەوە پیرەژنێ دەرکەوت، منداڵەکە هەر ئەوە نەبوو لەخۆشیدا باڵ بگرێتەوە، بەدەستی خۆی بوایە دەیکردە شایی و سەما، بەڵام برسێتییەکەی نەیهێشت... هێواش هێواش پیرەژنەکە نزیکتر دەبووەوە، کاتێ بەتەواوی نزیک بووەوە چاوی یەکانگیری چاوی بوو ئەو ڕستەیەی بۆ دووبارە کردەوە کە لەماڵەوە دایکە کەنەفتەکەی فێری



کردبوو. پیرەژنەکەش کەسەرتاپای ڕەش دەچووەوە، هەڵوێستەیەکی کرد و بێ دەربەستانە لەبەرخۆیەوە گوتی:

– (چی لەگوڵ بکەم، جوانە؟! با جوانیش بێت، چی لەمەسەلەکان دەگۆڕێت؟).

هێشتا قسەکانی بەتەواوی لەدەم دەرنەچووبوون، منداڵەکە سیرەی لەڕوخساری ژنەکە گرتوە، زۆر سەرسام بوو... شێوە و سیمای زۆر لەدایکی دەچێت ئەگەرچی قسەکانیان زۆر لەیەکتری جیاوازە... پیرەژن تێپەڕی. منداڵەکە بەوەڵامی پیرەژنەکە زۆر دڵگران بوو، هێندە دڵگران بوو لەتاوا قوڵپی گریانی هەستاو سەری بەسەر کۆشیا شۆڕکردەوە و بەخوڕ دەستی کردە گریان... گەواڵە هەورێکی بۆر و تاریکیش تا دەهات لەئاسمانی شاردا چڕ دەبووەوە، بارانێکی خەست دایکرد... هێشتا منداڵەکە سەری بەسەر کۆشیا شۆڕکردبووەوە دەگریا، بارانەکەش هەر دەباری و شەقامەکەش چۆڵ و هۆڵ کەسی پیادا تێنەدەپەڕی... سالانێک بارانەکە باری و خۆشی نەکردەوە، تا لەپڕ ڕۆژێ کە پێدەچوو خۆر گیرا بێت بارانەکە خۆشی کردەوە، لەوە دەچوو منداڵەکەش تازە لەگریان ژیر بووبێتەوە، سەری هەڵبڕی و دەستێکی بەدەموچاویا هێنا... سیما و ڕوخساری گۆڕابوو، دەموچاوی قوپاو و ڕیش هاتوو، برۆکانی سپی سپی لەبرۆی بابەنۆیل دەچوون، پشتی چەما بووەوە و دەستەکانیشی دەلەرزین، تاڵە مووە سپییەکانی لاجانگیشی لەژێر کڵاوەکەیەوە بژ بژ دەرهاتبوون... بەڵام گوڵەکان، کە لەجاران زیاتر سیس و کاڵ و پەژموودە ببوون، بەئامێزیەوە دەقیان گرتبوو. هیچ شتێ دڵی خۆش نەدەکرد... چەند منداڵێک دەستی یەکتریان گرتبوو لەبەردەمی ئەمەوە دەیانویست بپەڕێننەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە تا لەوێوە بچن بۆ ئەو ئاپارتمانە زەبەلاحە یەک نهۆمییەی کە دوو بڵند گۆی گەورەی لەسەر چەسپێنرا بوو... بەهەلی زانی، بۆیە بەدەنگێکی قرخنی هێواش ڕستەکەی دایکی بۆ دووبارەکردنەوە، بەڵام ئەوان هیچ بایەخیان بەقسەکەی

ئەم نەدا و بلّمەیەکیان لێوەهات و پەڕینەوە.

سالآن هات و ڕۆیشت، لەشەقامەکە دوورنەدەکەوتەوە، بەڕۆژ ڕوو بەڕێبواران ڕستە کۆنەکەی دایکی کەئەویش لەدایکییەوە فێریبوو دەوتەوە، بەشەویش بەدەم چاوەڕوانی هەلآتنی گزنگی بەیانییەوە ئەستێرە بێ شومارەکانی ئاسمانی دەژمارد... بۆ ساتێک خەو نەدەچووە چاوی، نیگەران بوو لەوەی بخەوێت و گێژەلّوکەیەک، یان لەشەوێکی تەمومژدا کەسێکی چەقاوەسوو بێت و گولّەکانی لێ بفڕێنێت و بۆ هەمیشە ئارامیی لەبەر هەلّبگرێت.

ئەو و گولّەکان و شەقامەکە سیانەیەکی لێک دانەبڕاویان پێک دەهێنا، کەسیان ئامادە نەبوو دەست بەرداری دووانەکەی تریان بن. تا دەمەو بەیانێک کار گوزارانی شارەوانی تەرمەکەیان لەهەمان شوێنەکەی خۆی لەشەقامە گشتییەکەی خۆرئاوای شاردا دۆزییەوە... گولّە سوورە پەژموردەکان لەئامێزیا ئارامییان گرتبوو، چاوە بێ ئارامەکانی ئەویش لە چاوەڕوانیی بەیان و کڕیارێکدا بۆ هەمیشە پێلّویان لێک نابوو.

## مەرگی گوڵفرۆش

فەرماندە، بەدارعەسا دەسک ئاڵتونییەکەی دەستی ڕاستی ئاماژەی بۆ کارگوزار کرد بچێتە دەرەوە، کارگوزاریش سەرسام و حەپەساو تۆزێک لەوێنە سەربازییەکەی فەرماندە وردبووەوە و ڕووەو دەرگاکە هەنگاوی نا... بەدەم ڕێوە ئەم شان و ئەوشانی بەگسکە کلکدرێژەکەی دەکرد و خەیاڵیشی هەر لای ئەو بەفرە بوو کە بەلێشاو دەباری، دەیویست ئەو ڕۆژە زوو کۆتایی بێت، جارجار لەبەرخۆیەوە ئەو قسانەی دووبارە دەکردەوە کە گوڵفرۆش بێ ترس و بیم کردبوونی. هێشتا لەدالآنە دوور و درێژەکەی نهۆمی فەرماندە نەهاتبووە خوارێ دەستی برد لەگیرفانی ناوەوەی ساقۆ کۆنەکەیدا ئەو چەند پەڕە دەستنووسەی دەرهێنا کە لەباخەڵی تەرمی بێ گیانی گوڵفرۆشدا دۆزیبوویەوە و ورد ورد کەوتە خوێندنەوەی.

ڕاستییەکەی خۆیشم نازانم چ هێزێ پاڵم پێوە دەنێت ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەو شەوەتان بۆ بگێڕمەوە کە گوڵفرۆشی تیا کوژرا...

ببوورن، دەبوو زووتر ئاماژەم بەوە بدایە کە من گوڵفرۆشە ڕاستەقینەکە نیم. گوڵفرۆشە ڕاستەقینەکە بەچەند شەوێ دوای خاپوورکردنی شارەکەی باکووری خۆرهەڵاتی وڵات بەدەستی پاسەوانە تایبەتەکانی خودی سەرۆک



کوژرا... ئەمەی دەیگێڕمەوە ١٥ساڵێ پێش ئێستا ڕویداوە، کە جگە لەخودی فەرماندە و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئەوکات کەسی تر ئاگای لێ نییە، من خۆیشم تا ئەم چوار پێنج ساڵەی دواییش نەمدەزانی و ئاگام لە هیچ شتێ نەبوو، تا ئەوە بوو شەوێکی هاوینی گەرم پیرەمێردە سیگار فرۆشکە، کە نازانم دەیزانی چەند ڕۆژی دواتر دەمرێ یان نا هاتە سەردانم و لەمەترسی ئەو یارییە وریای کردمەوە کە من ڕۆژانە و بەبێ ئەوەی پەیم بەئەنجامەکەی بردبێت، گەمژانە دووبارەم دەکردەوە. ڕەنگە وا باشتر بێت لەسەرەتاوە بیگێڕمەوە...

لە شەڕە خوێناوییەکەی ئەو ساڵەی کە بەفرە سوورەکە باری، ئێمەی دانیشتوانی شار، زۆربەمان سەڵت و قوڵت توانیبوومان تەنها خۆمان دەرباز بکەین، ئێستاشی لەسەر بێت ماڵ و منداڵمان نەدییەوە، نەماندەزانی چی بکەین! بەڕۆژ سەرگەردان بەجادە و کۆڵانەکاندا سواڵ و دەرۆزەمان دەکرد، شەوانیش هەر لەسەر جادەکانی سەنتەری شاردا لەسەر کارتۆنی فڕێدراو دەنووستین. لەپێش ئەوەی بنوین کۆمەڵ کۆمەڵ بەدەوری ئاگرێکدا تەوەرەمان دەبەست، هەر جارەی یەکێک باسی ژیانی ڕابردووی خۆی دەکرد و بیرەوەرییە خۆشەکانی ژیانی خۆی دەگێڕایەوە... زۆر سەیر بوو، هەموومان خۆزگەمان بەڕابردوو دەخواست، لەوەش سەیرتر ئەوەبوو زۆربەی بەسەرهاتەکان لەیەک دەچوون، چ خۆشییەکان و چ ناخۆشییەکان. شەوێک کە ئیدی لەگێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە بێزار بووبووم، بەناوی نوێژکردنەوە خۆم لێ دزینەوە و بەبێ بیر لێکردنەوە لە خۆمەوە بەرەو بەری خۆرئاوا بەپێ کەوتمەڕێ، پاڵتۆیەکی کۆنی پۆلیسیی درێژم پۆشی بوو، بۆیە هیچ باکم بەسەرما نەبوو... بیرم لەوە دەکردەوە چەندێک بڕۆم و کەی بگەڕێمەوە... لەدڵی خۆمدا دەمگوت کاتێ دەگەڕێمەوە کەهەموو برادەرەکانم نووستبێتن... جار جار. منداڵەکانم بیردەکەوتەوە کەچۆن لەکاتی بۆردومانەکەدا بووبوون بەژێر دار و پەردووی ماڵەکەمانەوە. نازانم، ڕەنگە

واش نەبێت و ئێستاش هەر لەژیاندا بن و بێ ئاگا لەیەک هەر بژین، شتی ترم زۆر بیرکەوتەوە، بەڵام دیمەنی بۆردوومانەکەم لەپێش چاو لانەدەچوو. دەستترێژێ وریای کردمەوە، بەڵام وامدەزانی بەشێک بووە لە یادەوەرییەکانی بۆردومانەکە، بۆیە زۆر گوێم پێ نەدا.

لە دوورەوە دەنگی ئەمبولانسم دەهاتە گوێ کە بەلورەلور دڕی بەبێدەنگی شەو دەدا. نازانم چۆن ئەو وتەیەم بیرکەوتەوە کەدەڵێت: "ژاوە ژاو و بێدەنگی دوو حاڵەتی ئەزەلیی سەرەتا و کۆتایی هەموو شەڕێکن، بەتایبەتی شەڕی ژیان) لای شیرینیفرۆشە سەرماش و برنجییە میهرەبانەکە کەمێک ڕاوەستام، سەیرێکی بەری لای دەستی چەپم کرد، تاریک و نوتەک دەینواند. بەرم کردەوە بەلای دەستی ڕاستدا، چرای دارتێلە کارەباییەکان دەسووتان... بەخۆشییەکی بێوێنەوە بەرەو ڕووناکییەکە ملم نا، هێشتا دە هەنگاوێکم بەرەو پێش نەنابوو کەژاوەیەک ئوتومبیلی ناو تاریک بەخێرایی بەلامدا تێپەڕین، وەخت بوو بمپلیشێننەوە، دیسان درێژەم بەرۆیشتنەکەم دایەوە... ڕۆیشتم زۆر ڕۆیشتم، هێندە ڕۆیشتم وەخت بوو لەپێ دەکەوتم، هەرچی چۆنێ بوو خۆم گەیاندە گالیسکەکەی کابرای پیرە کە بەدیار تاسێ خەڵوزی گەشاوەوە دانیشتبوو جگەرەی دەفرۆشت. بێ سرتە خۆم گەیاندە سەر تاسە ئاگرەکەو دەستم برد خۆم گەرم بکەمەوە...

هەر لەیەکەم ساتی بینینی پیرەوە هەستم بەئارامییەکی سەیر کرد، ڕوانینەکانی کز و سۆزاوی و بەزەیی ئامێز بوون. بێ ئەوەی هیچ بڵێم جگەرەیەکی بۆ داگیرساندم و بەنەرمە کۆکەیەکەوە گوتی:

– نەک سێ جار هەزار جاریش بێنەوە سەرت پێیان نەڵێیت، ئەوانە دڕندەن، پێشیان بڵێیت وازت لێناهێنن، بەڵام کەڕەگیان پێت نەوتم، ئەو ئەمبولانسە چی بوو لەگەڵیان؟

نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە، بەکەسێکی ترم تێگەیشت بوو، بۆیە



تەنیا سەرێکی نەزانینم بۆ لەقاند و بەدەم مژەجگەرەوە سەرەوخوار بوومەوە... دەمویست ئەو شەوە بەتەنیابم، تەنانەت یەک وشەش لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسە نەکەم، بۆیە زۆرتر و بەپەلەتر ڕۆیشتم، دەڕۆیشتم و سات لە دوای سات سەرما زیاتر کاری لێ دەکردم... بەفر و کرێوەش وردە وردە دەستی پێ کردبووەوە... نەمدەزانی چی بکەم، درێژە بەرۆیشتنەکەم بدەم یان بگەڕێمەوە و کۆتایی بەشەو گەشتەکەم بهێنم... تەواو لەپێ کەوتبووم... لەو سەری شەقامەکە وردبوومەوە هیچ دیارنەبوو، وردە وردە ڕوانینم لە قوڵایی شەقامەکە بەرەو لای خۆم دەکێشایە دواوە، هێشتا بەتەواوی نیگام نەگەڕاندبووە دواوە هەستم کرد لە دووری چەند مەترێ لەبەردەممەوە سێبەری ڕووناکی ئاگرێک بەسەر لاپاڵی دیوارێکدا دەلەرێتەوە، نزیکبوومەوە... ویستگەی پاسەکان بوو، هەمان ئەو ویستگەیەی کە ئێستا ئەم وشانەی تیادەنووسم... ئاگرەکە کەسی بەدیارەوە نەبوو، پێدەچوو دروست لە کاتی تەقەکاندا تاوی سەندبێت و ئێستا ئیتر بەرەو دامرکانەوە دەچوو... ئەو ناوە گەڕام کەسم نەدی، چوومە نزیک ئەو دیوارەی کە زەوی پشت وێستگەکەی شوورەبەند کردبوو. جگە لەپەڵە خوێنێکی گەورە هیچی ترم نەدی، گەڕامەوە بۆ لای ئاگرەکە و دەستم کرد بەخۆ گەرمکردنەوە. لەشم تینی تێگەڕایەوە، چاوم وردکردەوە، لەگۆشەی ئەوسەری وێستگەکەدا هەندێ شڕکەو پڕکەو کارتۆنە بەتاڵی ڕیزکراو و کڵاوێکی خوریی سەربازیی، لەوانەی کەتەنیا شوێنی چاوی بەبۆشی بۆ دەهێڵرێتەوە، بینی، زۆر شەکەت بوو بووم، دەمزانی سەرماو خەو کاری خۆیان لێکردووم و چیدی ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای هاوڕێکانم، بۆیە پێش ئەوەی بەتەواوی خەوم لێ بکەوێت تەنەکە ئاگرەکەم هێنایە لای لێفە شڕەکەوە و کڵاوەکەیشم بەجۆرێ کە هەموو سەرم جگە لە چاوانم داپۆشێ کردە سەرم و ماندوو شەکەت و بەئارامی تا بەیانی لێی نووستم... ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە کە بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕدەبێت، زۆر

شت هەن دەتوانم ڕوونیان بکەمەوە و تەمی ناڕۆشنیی سەریان بڕەوێنمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم شەو زۆر ساردە و سەرماکەی زۆر جیاوازترە لەشەوەکانی تر... ئا باش بوو بیرم کەوتەوە سەرمای ئەم شەو دروست وەکو سەرمای ئەو شەوە وایە کە گوڵفرۆشی ڕاستەقینە گیانی تیادا سپارد... بەڵێ بۆیە پێنووسەکەم بەدەستەوە بۆ ناگیرێت، خوا حەزکات سبەینێ...

کارگوزار وەکو ئەوەی باوەڕ بەچاوی خۆی نەکات سەرێکی حەپەسانی لە قاند و بەدەم لولکردن و ئاخنینی پەڕەکاغەزەکانی گوڵفرۆشەوە بۆ تویێی گیرفانی ناوەوەی پاڵتۆکەی، گسکە کلکدرێژەکەی لای دەرگای دەرەوەی باڵەخانەکەی فەرماندە جێهێشت و کڵاوە خورییە سەربازییە قەپاتەکەی گوڵفرۆشیشی لە گیرفانی دەرهێنا و بەکاوەخۆ کردییە سەری تا هەموو دەموچاوی داپۆشی، پاشان ورد ورد بەرەو وێستگەی پاسەکانی سەنتەری شار کەوتەڕێ.



## پێرست

پەیکەرێک لەشەو 5
مەرگی ماچە نهێنییەکان 15
ڕابوون لە دۆزەخ 27
چاوەکانم بەرەو لای دارستانەکە دەفڕن 47
ڕەنووی بەردەم ڕەشەبای مەرگ 57
دارشەق 65
گوڵفرۆش 73
مەرگی گوڵفرۆش 81